

# ئاشنابوون بە
# بێرتراند راسل

پۆل ستراتێرن
لە فارسییەوە: مەجید مارابی

# ئایدیا واڵا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٤٠)
تەمموزی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای واڵا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩
جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢
دەستەی نووسەران:
شاسوار کەمال، پێشڕەو محەمەد
مەجید مارابی، ئارام مەحمود ئەحمەد
راوێژکار:
شوان ئەحمەد، ڕێباز مستەفا
مستەفا زاهیدی
تایپ و هەڵەچن:
نەورۆز فوئاد، باوان عومەر، شاد محەمەد
بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:
باوان عومەر، سەروەت تۆفیق
بەڕێوەبەری سایت: دیلان دڵشاد کۆیی

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

## پێشەکی

بێرتراند راسڵ نزیکەی نەوەد و هەشت ساڵ لە ژیاندا مایەوەK ئەوەش بۆ فەیلەسوفێک تەمەنێکی دور ودرێژەو بە شێوەیەکی بەرچاویش تەمەنێکی پڕ رووداوبوو، بەجۆرێک کە گەورەترین سەدەی گۆڕانکاری کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بە خۆیەوەی بینیووە لەخۆ دەگرت. کاتێک راسڵ لە دایکبوو، شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا تازە کۆتایی پێهاتبوو نیچەی ٢٨ ساڵان خەریکی نوسینی یەکەم کتێبی "پەیدابوونی تراژیدی" بوو، کاتێک مرد، مرۆڤ گەیشتبووە سەر گۆی مانگ و تەنانەت ئەو فەیلەسوفەی کە بەرگەکەی بە میراث بردبوو،"وینگنشتاین"، نزیکەی یەک چارەکە سەدە پێش ئێستا کۆچی دوایی کردبوو.

راسڵ دەیوت: بە درێژایی تەمەنی سێ هاندەری گەورە ئەویان دەبردە پێش - کە برێتین لە: خۆشەویستی، پەیجۆری زانست، هاوسۆزی لە رادەبەدەر بۆ مرۆڤی ستەملێکراو.

بەمەبەستی رزگاربوون لەتەنیایی تاقەتپڕوکێن بە دوای یەکەمدا دەگەڕا، چونکە ئەو زەوقەی کە پێیدەبەخشی ئەوەندە گەورەبوو کە دەیوت بە خواستنی دڵ ژیانی فیدای وەها خۆشبەختییەک دەکات، زەوقی بەدەستهێنانی زانیاریشی ئەوەندە بەجۆشبوو، دەیویست بزانێت "بۆچی ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە؟" ئەو توانایە بناسێت کە " ژمارەکان بەهۆیەوە کاریگەری دەکەنە سەر خێرایی رەوت". فەلسەفەکەی بە بەردەوامی راپۆرتێکی قوڵی لە زانست بە دەستەوەدەدا، پێویستییەک کە زۆربەی فەیلەسوفەکان لە سەدەیەکدا کە زانست جیهانی ژێروژوورکرد خۆیان لێیدەدزیەوە. کاتێک راسڵ لە دایکبوو "تیۆری کامڵ بوون"ی داروین هێشتا تازە خوڵقابوو، کاتێک کە مرد تازە کردنەوەی پێکهاتەی (DNA)

مەیسەر ببوو، لەو مەودایەدا ڕێژەیی بوون، فیزیای کوانتۆم، قڵشتی ناوەکی، تیۆری مەهبانگ شێوازی ڕوانینی بەرامبەر بە جیهان بۆ هەتاهەتایە گۆڕیبوو.

بەوەشەوە، لە زۆر لایەنەوە ڕوانگەی فەلسەفی ڕاسڵ - کە دەتوانین بڵێین لە سەر بنەمای لۆژیک و ئەزمونباوەڕی بوو - لە بنەڕەتدا گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. شێوازەکانی ئەو بە زۆری ڕاشکاوانە و لەسەر بنەمای عەقڵی دروستبوو، ئەگەری چی خودی عەقڵی دروست بە واتای "حیکمەتی دڕندەکانە" و ڕێگەی نەدەدا ناوەڕۆکی ئەندێشەی بەدەرلە"شێوەی دەربڕین" لە ژێرکاریگەری زیانباریدا چەواشە بکرێت. ڕاسڵ بیری ئەوەندە ئەشرافیانە بوو کە هیچ ترسێکی لە گاڵتەجاڕانە دەرکەوتن نەبوو. لە ڕاستیدا، هەندێک لە هەڵوێستە سیاسیە توندڕەوانەکانی زۆرتر گاڵتەجاڕانە بەرچاو دەکەوتن. کەسایەتی ئەو تێکەڵەیەک لە لوتبەرزی نوخبەگەرایانە، ڕاستگۆیی بێڕیاکاری، بنەماخوازی پایەدار بوو. دەیتوانی "فەلسەفیانە و سیاسیانە"بڕوانێتە قوڵایی جیهان، بەڵام سەبارەت بە دنیای دەرونی زۆرتر نابینابوو، لە هەمانکاتدا، بەڕواڵەت هەر ئەم بێ ئاگاییە زەینیە بوو کە ئەوی دەوروژاند، تەنانەت هێزو توانای سۆزداری دەبەخشییە عەقڵانیترین لێکۆڵینەوە و خۆشەویستیە جۆراوجۆرەکانی.

ئەو زەوقە بێئۆقرەیە بەرامبەر بە عەشقو زانست بۆ فەیلەسوفێک داگەڕانێکی دڵڕفێنانە بوو. هەر بەو جۆرەی کە خۆی دەیوت وەها زەوقێک دەیبائە ئاسمانەکان. لە هەمانکاتدا زەوقی سێهەمی هەست و سۆز بوو بەرامبەر بە مرۆڤی چەوساوە کە دەیگەڕاندەوە بۆ سەر زەوی. قوربانیانی کێشە ونەهامەتیە جیهانیەکانی وەکو جەنگ، هەژاری، ئەشکەنجە، ئازار، ئەوی زۆرجار بەرەو هەڵگرتنی هەنگاوی دۆنکیشۆت ئاسا دەبرد.

سەرتاسەری ژیانی ڕاسڵ شێوە و سروشتی ناکۆکی و موجادەلە بوو. کەسێک کە سەردەمێک بە گەورەترین فەیلەسوفی جیهان دەژمێردرا، بە هۆی ڕوانگە بێباکانەکانی بەرامبەر بە عەشق و مەسەلە کۆمەڵایەتیەکانیتر سەرزەنشت دەکرا. کەسێک کە بە خەڵاتی نۆبڵ ستایشی کرابوو دوو جاریش زیندانی کراوە. کەسێک کە دەیویست فەلسەفەی لۆژیکی یتەو و قایم بونیات بنێت هەوڵی هاندانی هەمان فەیلەسوفی دەدا کە کارەکەی دەبووە هۆی لق و لەرزۆککردنی

ئەو فەلسەفەیە و جێگاکەی دەگرتەوە.

لە هەمانکاتدا، ئەگەر بتوانین بڵێین فەلسەفەی لۆژیکی راسڵ شکستیهێناوە، بە دڵنیایەوە فەلسەفە سیاسیەکەی سەرکەوتوو بوو"ئەوە گرنگ نییە کە فەیلەسوفەکان لە بواری فەلسەفیەوە بەبێ ناوەڕۆک و تەنانەت مەترسیداری دەزانن: بە دڵنیایەوە بۆ ئەو وەها نەبوو"

ئەمڕۆ دابونەریتی پەسەندکراوی جیهانی خۆرئاوا زۆرتر هاوشێوەی بۆچوونە لیبراڵەکانی راسڵە تاکو زۆربەی بیرمەندانی سیاسی و مۆراڵی هاوچەرخ، هەر بەو جۆرەی کە خەباتی شێلگیرانەی ئەو لە دژی چەکی کیمیاوی بوو بە زەمینەیەک بۆ لەچەک داماڵینی ئەتۆمی - ئەگەرچی ئەو رایدەگەیاند: ئەو پرۆسەیە لە هیچ رویێکەوە کامڵ نییە و هێشتا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کارەساتی لێبکەوێتەوە کە ئەو دەیویست رێگری بکات لەو کارەساتە.

لە کۆتاییدا راسڵ ئەوەی قبوڵکرد کە زۆرترین هەوڵەکانی خۆی لە بواری فەلسەفەی نەریتی - لە مەعریفەناسی، لێکۆڵینەوە لە بنەمای پێناسەی ئێمە بەرامبەر بە جیهان - ئەنجام داوە. چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئیدعای زانینی دەکەین، راستە؟ دڵنیایی ئەزمونەکانی ئێمە بەرامبەر بە جیهان لەکوێیە؟ دەتوانرێت بوترێت تەنانەت وردترین قەوارەی ناسین - وەکو بیرکاری - لە سەر بنەمای لۆژیکێکی دڵنیا وەستاوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەبوون کە راسڵ لە سەردەمی تێفکرینی فەلسەفی قوڵیدا دەیویست وەڵامیان بداتەوە. ئەمانە لە ئەفلاتون و ئەرەستۆوە بۆ دیکارت، هیوم، و کانت، تا راسڵ و وینگنشتاین هەر بە بەردەوامی پرسیاری هەمیشەیی فەلسەفە بوون.

نیوەوی دووەمی سەدەی بیستەم شایەتی هەوڵێکی هەماهەنگ بۆ سستکردنی وەها پرسیارگەلێکبوو. ("شتێک بەناوی حەقیقەتی بەرفراوان بوونی نییە." "هەر پێناسەیەک هاوتەریبە لەگەڵ سەردەمێکی مێژوویی و فەرهەنگی کە تێیدا وەردەگیرێت.") بەڵام مانەوەی بیرکردەوەی زانستی - فەلسەفی دڵنیادەکاتەوە کە پرسیارەکانی راسڵ هێشتا لە گەرمەی فیکری ئەمڕۆدا جێگەیان هەیە. بیرۆکە و پێشکەوتنەکانی کە لە بواری مەعریفەناسیدا پێکیهێنابوو هێشتا بە خێرایی بە دۆخی فەلسەفی هاوچەرخی ئێمەوە گرێدراون. ئەم سەدەی بە

رواڵەتێ پێناسەی زانستی بە بەردەوامی پەڕەپێدەرە، زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر پێویستی بە فەلسەفەیەکە کە بنەماکەی ناسین بێت. بە گشتی، پێویستە هێشتا بە شوێن وەها فەلسەفەیەکدا بگەڕێیت. رەنگە هەرگیز نەدۆزرێتەوە. بەو حاڵەشەوە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە وەها فەلسەفەیەک چۆن دەتوانێت پشتیوانی پێناسەی زانستی ئێمە بێت هێشتا سودمەندە. ئێمە لە هەوڵەکانماندا بۆ دۆزینەوەی زیاتر تێدەگەین کە وەها پێناسەیەک چییە، ئێمە سەبارەت بە جیهانێک کە بەڕواڵەت زانستیە زانستیانە بیردەکەینەوە، ئەمە دەربارەی ئێمە و جیهانێک کە تێیداین بە چ واتایەکە؟ پەیوەندی نێوان ئەو دوو بوونە نارێکە و ناتەبایە چییە، ئەگەر پەیوەندی هەیە؟ فیکری راسڵ یەکێک لە قۆناغەکانی ئەمدوایانە،، رچەشکێنانەتر، لە رێڕەوی پەیجۆری فەلسەفەی دێرینداو.

## ژیان و بەرهەمەکانی راسڵ

بێرتراند راسڵ ساڵی ١٨٧٢ لە یەکێک لە بەناوبانگترین خانەوادە ئەشرافیەکانی بەریتانیادا لە دایکبوو. لوتکەی سەردەمی ڤیکتۆریا، کاتێک بوو کە ئیمپراتۆری بەریتانیا لە ترۆپکی خۆیدابوو. لە نێوان سەرکوتی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و دەرونیدا، ریاکاری نەریتی رۆژانە بووە. بەم حاڵەشەوە، باوک و دایکی راسڵ بۆچوونی لیبراڵی روناکبیرانەیان هەبوو - باوکی بە هۆی بەرگریکردن لە پرسی کۆنترۆڵکردنی زاوزێ کورسیەکەی پەرلەمانی لەدەستدا.

مەرگ سێبەری خستە سەر منداڵی راسڵ، تا تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵان باوک و دایک و خوشکەکەی کۆچی دواییانکرد. باوک و دایکی وەسیەتیان کردبوو کە هەر دوو کوڕەکەیان بخرێنە ژێر سەرپەرشتیاری هاوڕێیەکی علمانیەوە، بەڵام باپیری بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی راسڵ، لۆرد راسڵ، کە دوو جار ببووە سەرۆک وەزیران لە دادگادا لە دژی ئەو وەسیەتە وەستایەوە و بە هۆیەوە دادگا وەسیەتنامەکەی دایک و باوکی هەڵوەشاندەوە، بەو پێیەش بێرتراند و برا گەورەکەیان برد بۆ ئەوەی لە پیمبرۆک لاج لە ریچمۆند پارکدا لە نزیک لەندەن لەگەڵ لۆرد و لیدی راسڵ ژیان بکەن. شاژن ڤیکتۆریا نامەیەکی نوسی بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە لیدی راسڵ بکات و رایگەیاندبوو: «دڵنیام لەوەی کە نەوەکانتان هەر

ئەو کەسانە دەبن کە ئارەزوی دەکەن». (ئەو جۆرەی کە بێرتراند راسڵ دواتر بە تەشەرەوە نوسی، لەو ئارەزوە بێبەری.) پاش یەکساڵ لۆرد راسڵیش کۆچی دوایی کرد. بێرتراندی گەنج لە جێگەکەیدا سام دایگرتبوو و دەترسا لیدی راسڵیش بمرێت، رووداوێک کە بە هۆی منداڵیەوە پێیوابوو بەزوویی روودەدات. بیری لە باوکودایکی خۆشەویستی دەکردەوە، دیمەنێکی شاراوە لە دڵنایی، شیرینی، و رۆشنایی.

ژیان لە پمبرۆک لاجدا زۆر جیاواز بوو. لیدی دینداریکی سەرسەخت بوو، سەرباری ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناکۆک بیروبۆچونی لیبراڵی هاوسەرەکەی هەبوو. کوڕە مانگ ئاساکەی وانا بێرتراند، لە ژێرکاریگەری رەجیمی خۆراکی خۆشۆردن بە ئاوی سارد بەر لە نان خواردنی بەیانی بە هەڵسوکەوتی وشکەوە گەورەکرد. مەسەلەگەلێکی وەکو سێکس و کاروکاسپی لەئارادا نەبووە. لیدی راسڵ لەو بڕوایەدا بوو کە کوڕە مانگ ئاساکەی دەبێت بە دور بێت لە ئالودەبوون بە پەیوەندی لەگەڵ منداڵانی تر پارێزراو بێت. لە ماڵدا لە ژێر چاودێری مامۆستای تایبەتیدا دەیخوێند، جاروبار هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە ماڵەوە لەگەڵ فرانکی برای کە ٧ ساڵ لەو گەورەتربوو و بە رواڵەتی لێی بێهیوا ببوو بۆ خوێندن دەچووە قوتابخانەیەک لە دەرەوەی ماڵ.

فرانک بوو کە بێرتراندی لەگەڵ بابەتێک ئاشناکرد کە ژیانی بە تەواوەتی گۆڕی. راسڵ دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لە ژێر چاودێری فرانکی برایدا خوێندنی هەندەسەی دەستپێکردوە. لە توخمەکانی ئەقلیدەسەوە دەستیان پێکرد و بە قسەی راسڵ خۆی: «بە خەیاڵمدا نەدەهات کە لە دونیادا شتێکی لەوە راکێشەرتر و دڵخوازتر بوونی هەبێت.» تەنانەت کاتێک کە گەیشتنە دۆزی گرفتی پێنجەمی ئەقلیدەس راسڵ گرفتێکی نەدۆزیەوە و فرانکی توشی سەرسوڕمان کرد. دیسان لە زاری خودی راسڵەوە: «ئەوە یەکەم جارم بوو کە رەنگە بەخەیاڵمدا هاتبێت کە تیژبیر و زیرەکم» لە تەنهاییدا کەسێکی نەبوو خۆیی لەگەڵ بەراورد بکات، بەڵام بۆ بێرتراندی تازە لاو ئەوە شتێکی زیاتر لە دۆزینەوەیەکی بەگرنگ، سەرسوڕهێنەرێکی دور لە خەیاڵ بوو. چۆنیەتی روانینی راسڵ بۆ بیرکاری لە هەمان سەرەتاوە زۆر نوێخوازانە بوو. فرانک ئەوەی بۆ بێرتراند شیکردەوە کە

ئەقەلیدەس ئێکرای هەندەسەی بە پشت بەستن بەڵگە بونیاتناوە، بۆیە دۆزەکانی بە تەواوەتی بڕاوەو مسۆگەرن. بەڵام تێگەیشتنی ئەوەی کە ئەقلیدەس لەراستیدا هەندەسەکەی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بابەتی (ئاکسیۆم)ی بنەڕەتی داناوە بێرتراندی نیگەران دەکرد. بەڵگەکانی ئەمانە لە کوێن؟ فرانک وەڵامی دایەوە کە ئەمانە بەڵگەیان نییە. بێرتراند لەڕووی عینادیەوە درێژەی بە وانەکە نەدا، مەگەر ئەوەی کە فرانک وەڵامێک بداتەوە. فرانک روونیکردەوە کە پێویستە ئەم بنەما بابەتیە قبوڵ بکەیت ئەگینا ناتوانیت پێشبکەویت. بێرتراند ئەوەندە شەیدای زیاتر زانینی سەبارەت بەم هەندەسە سەرنجڕاکێشە بوو کە قسەکانی فرانکی بە ناچاری قبوڵکرد. ئەو عەشقە بەرامبەر بە جوانی و بڕاوەیی بوونی رواڵەتی بیرکاری، و هەروەها حەزی بەردەوام بەرامبەر بەوەی کە لەسەر بنەمایەک لە حەقیقەتی مسۆگرتر وەستاوە، راسڵی لە سیساڵی داهاتوودا بە زیندویی دەهێشتەوە. زیادەڕۆیی خەیاڵی لە ئارادا نییە: ژیانی راسڵ لە پیمبروک لاج هەروا بە شێوەی نەشیاو بە زگوردی مایەوە، هەستی بەرامبەر بە هاوجۆرەکانی ئاڕادەیەک بەتەواوەتی جێگای خۆی بە هەستی دیکەدا. دەیگێرایەوە کە چۆن زۆرجار دەچوو بۆ باخ و لەو بەرزاییەوە سەیری ریچمۆند پارک و دیمەنی دورەدەستی دۆڵی تەیمەزی دەکرد. چاوی دەبڕیە ئاوابوونی خۆر و بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە. تەنها شتێک کە رێگری لێدەکرد، ئاواتی دۆزینەوەی زیاتر سەبارەت بە جوانی ئەبستراک و «شیرین»ی بیرکاری بوو. باسیدەکات کە چۆن بەدوای شتێکدا گەڕاوە «بەدەرلەوەی کە لە جیهاندا هەیە، شتێک لە جۆری تر، دەرەوشاوە و بێ کۆتایی .. وەکو عەشقێکی بەجۆش بەرامبەر بە ئارماییەک. بە بەردەوامی ویستومە پاساوێک بۆ جۆشوخرۆشێک بدۆزمەوە کە هەندێک شتیان دەگواستەوە وەکو ئەوەی لە دەرەوەی ژیانی مرۆڤ بێت ، دەبووە هۆی سەرسوڕمان و سەرسامی.»

دەروونناسی ئەم وشانە پێویستە روونبکرێنەوە. بەڵام حەزی نائاگای راسڵ بۆ پەیوەستبوونەوە بە دایک و باوکی شتێک بەدەر لە مەیلی لەرادەبەدەری بەرامبەر بە هەندەسە و بیرکاری نەبوو. لە سەرەتای منداڵیدا جۆرێک هەڵسوکەوتی جیاوازی فیکری لەخۆیدا دەردەخست کە بە شێوەیەکی ئامانجدار لەگەڵ بیرکاری هاوتەریب بوو. لە هەمانکاتدا، ئەو روونکردنەوانەش زۆرتر

ئاڵۆزیە چارەسەرهەڵنەگرەکانی دەشاردەوە، نەک تەنها لە بیرکاریدا. راسڵ بە بەردەوامی هەستی بە پێویستی ئەوە دەکرد کە ئەندێشەکانی بە شێوەیەکی روونو سادە بەیان بکات، بەو حاڵەشەوە مەسەلەکان زۆربە کەمی ئەوەندە ورد و دیاریکراون کە ئەو دەیویست بێنەبەرچاو. تێڕامانە تاکە کەسیەکانی ئەو بە زوویی ناچاریکرد، هەر وێنایەکی نارۆشن لە خواوەند، بە تایبەت ئەو خواوەندە تایبەتەی کە نەنکی لەناخەوە خۆشی دەویست، بە رەفزکراو رەنکراوە بزانێت. راسڵ بە درێژایی تەمەنی بە راشکاویەکی عەقڵانی و سەلمێنەر، دانی بە بە باوەڕی بێ دینانەی - « بێهودە بە دوای خواوەندا گەڕان»ی خۆیدا نا، بەڵام لە هەمانکاتدا تێڕوانگەی تایبەتی بەرامبەر بە بیرکاری هەبوو کە بە شێوازێکی رۆحانیانە دەریدەبڕی. بڕوای بە دنیای ئەبستراکی بیرکاری هەبوو و ناچاردەبوو کە تێیدا بەدوای متمانەو دڵنیابوونێکدا بگەڕێت کە لەسەردەمی منداڵییدا لە ژیانیدا شکڵی گرتبوو.

راسڵ لە شانزەساڵیدا رەوانەی قوتابخانەی تایبەتی لە لەندەن کرا و نزیکەی ٢ ساڵە بە شێوەی شەوانەرۆژی دەیخوێند. خوێندکارەکان بە زۆری بۆ ئاقیکاریەکانی سوپا ئامادەدەبوون و راسڵ بە ئاشکرا ئەوانی بە کۆمەڵێک لادێیی نەزانوگەمژە لە قەڵەمدەدا. ئەم هەڵسانگاندنە وردەبینانەی کەسانێک کە پێدچوو ببن بە ئەفسەرانی سوپا بە داخەوە سێبەری خستبووە سەر تێکڕای روانگەکانی راسڵ بەرامبەر بە مرۆڤ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا. سەرباری ئەوەی کە دەیانجار نیگەرانی خۆی سەبارەت بە نەهامەتی ومەینەتیەکانی هاوجۆرەکانی دەربڕیوە، بەڵام بۆ ئەو سەختبوو دورەپەرێزی دەوڵمەنانەی خۆی بشارێتەوە. کاتێک کە خۆی بە هاوشانی کەسانێک دەزانی کە ژیانی خۆیان تەرخانی ئامانجگەلێک نزم دەکەن، وەکو سەربازان، سیاسەتمەداران، و بەرپرسانی جۆراوجۆر، ئەو هەستەی زیاتر تێدا دروستدەبوو و شێوازی سوکایەتی بەخۆوە دەگرت.

لە ساڵی ١٨٩٠دا، لە هەژدە ساڵیدا، راسڵ بۆ درێـژەدان بە خوێندن لە زانکۆی «ترینیتی کۆلێژی کامبریج ناوی خۆی تۆمار کرد کە ئایزاک نیوتن تێیدا دەیخوێند. سێ ساڵی سەرەتا بیرکاری خوێند، کە بوو بە مایەی رەنج و ئازارێکی زۆر بۆی. بیرکاری ئینگلیزی بە زۆری لە ١٥٠ ساڵی دواى نیوتندا

توانای خۆی لە دەستدابوو ئەوەش لە هیچ شیوێنێک وەکو قوتابخانەی راسڵ ئاشکراتر نەبوو. ئاقیکارییە بەناوبانگەکانی «رۆنگلێر» کە بە مەبەستی دۆزینەوەی باشترین بیرکاریزانەکان دارێژرابوو هەندێک زیاتر لە فێربوونی تونی ئاسا و هەندێکی زۆریش پێویستی بە لێهاتوویی ئاشکرای بیرکاری هەبوو. ئەمەش لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجارانە لەو جوانیە دەرهەستە(انتزاعی)بوو کە ئەوەندە ئیلهامی بەخشیبووە راسڵ، بۆیە لە ساڵی چوارەمدا بە هۆی بێزاربوونی لە بیرکاری روویکردە فەلسەفە.

لێرەدا جیهانێکی دەرهەستی دۆزیـەوە کە کۆتایی سەرجەم جیهانە دەرهەستەکانیتربوو، دەزگای فەلسەفی فێربوون کە سەرەتا هیگڵ، فەیلەسوفی ئەڵمانیای سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، هێنایەئاراوە. جۆری مۆدێرنی ئایدیاباوەڕی رەهای هیگڵ لە لایەن جی، ئێم، مەک تاگارت لە کامبریج دەوترایەوە. بە گوێرەی ئەم فەلسەفەیە، زەمان و مادە هەردوکیان ناواقعی بوون. تەنها «رۆح» کە هەموو شتێکی دەگرتەوە واقعی بوو. ئەم راستیە ئامانجدارە گشتێک بوو کە بەشەکانی هەمووی لێکتەنرابوون. راسڵ ئەو گشتەی بە جەلی دەشوبهاند، دەستت لە هەر لایەکیدەدا هەموو دەلەرزی، لە هەمانکاتدا، ئەم گشتە بە پێچەوانەی جەلی نەدەکرا بە پارچەی جیاجیا دابەش بکرێت. بە بۆچوونی مەک تاگارت، ئەگەر چی ئەم راستیە لە جیهانی ئایدیالیستیدا لەو دیو و تەنانەت بەرزتر لەو بەناو راستیەی کە ئێمە ئەزمونی دەکەین بوونی هەیە، دیسان دەکرا ناوەرۆکەکەی بناسرێت، ئەم کارەش دەکرا بە دەستپێکردنی هەندێک راستی هەنوکەیی و تەنها دوو پێشەکی ئەزمونی - ئەوەی کە، ئەو گشتە بوونی هەیە، و لقو پۆی هەیە - دەکرا ئەنجامبدرێت. بەو جۆرەی کە ئاشکرایە، ئەم ئایدیالیزمە رەهایە نەک تەنها بە شێوەیەکی نامۆ هاوشێوەی جیهانی بیرکاری بوو، بەڵکو لەوەش ئەولاتر دەچوو بیرکاری پاکژی لە ناو پرۆژەیەکی گەورەتر فەلسەفەی گشتیدا دادەنا. راسڵ راکێشراو شەیدابوو. ئەوە فەلسەفەیەک بوو کە دوو پێویستی ئەوی بەدیدەهێنا - پێویستی بە براوەیی هەندەسە و بڵندی عارفانە.

بەڵام راسڵ تێگەیشت کە پێویستی مرۆییشی هەیە. تەنانەت بەر لە هاتنی بۆ کامبریج کچێکی ئەمریکی ئالیس پیرسال ئەسمیتی بینیبوو و حەزی

لێکردبوو. راسڵ تەنها ١٧ ساڵان بوو، ئالیس ٢٢ ساڵان بوو - پێنج ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەبوو، کە مەودایەکی فراوانی لە گەشە و گۆڕانکاریەکاندا نیشاندەدا. راسڵ عەشقی نەوجەوانانەی دەرنەدەبڕی و بە شاراوەیی دەیهێشتەوە. ئالیس بۆچوونی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوانەی هەبوو، بەڵام لە ناخەوە ئاینی مابووەوە بەشێکی زۆری کاتەکانی بۆ خەباتی دژی خواردنەوە کحولیەکان تەرخانکردبوو. چوار ساڵ دواتر راسڵ هەستەکانی ئاشکرا کرد و بە شادومانیەوە توشی سەرسوڕمان بوو کە زانی عەشقەکەیان دوولایەنە بووە. لەو سەردەمەی هەستە سەرکوتکراوەکاندا کە کەم کەسانێک هەبوون ئەزمونی خۆشەویستیان پێکەوە هەبێت، تەنانەت عەشقی ئەفلاتونیش دەیتوانی بە زوویی ببێتە جۆش و سۆزی سوتێنەر. لە ماوەی چەند مانگدا راسڵ و ئالیس ئامادەی هاوسەرگیری بوون. کاردانەوەی لیدی راسڵ پێشبینی کراوبوو، ئەو پەڕی تورەیی دەربڕی بەرامبەر ئەوەی کە کچە چەقۆکێشێکی ئەمریکی برتی مانگئاسای خراپ کردبوو، بەو پەڕی هێزەوە هەوڵیدا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو خۆشەویستیە بهێنێت. برتی - لە بەرامبەر فرمێسکەکان، گلەییەکان، تۆمەتەکان و هەڕەشەکاندا خۆڕاگری کرد و بەڵێنیدا هەر کە تەمەنی گەیشتە بیست و یەک ساڵ هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئالیسدا. ئەو کاتە بە شێوەی یاسایی ئازاد دەبێت و خۆی بڕیار لە چارەنوسی خۆی دەدات داهاتێکیش وەکو میرات وەردەگرێت کە بۆ هەردوکیان بەسە. برتی و ئالیس لە ١٨٩٤دا هاوسەرگیریان کرد. راسڵ بە نمرەی زۆر بەرزەوە لە بەشی زانستی ئەخلاق(فەلسەفە)دا بڕوانامەی خوێندنی باڵای وەرگرت و ئێستا خوێندکاری بورسیەی «ترینیتی کۆلێژ» بوو. ئەو ناوەش جگە لە لێکۆڵینەوە ئەرکێکی دیکەی نەبوو. راسڵ و هاوسەرەکەی گەشتێکیان بۆ ئەوروپا دەستپێکرد و ماوەیەکی زۆر لە ئەڵمانیادا مانەوە، لەوێدا راسڵ هۆگری سیاسەت بوو و تەنانەت کتێبێکی بە ناوی سۆسیال دیموکراسی جیهان نوسی، ئەوەش یەکەم کتێبی بوو کە بڵاوکرایەوە. کاتێک گەڕایەوە کامبریج بە جی. ئی. مۆر ناوبانگی دەرکرد کە وەکو بیرمەندێکی گەنج و ئەستێرەی نوێی زانکۆ وەسفدەکرا. روانگەی مۆر بۆ فەلسەفە زۆر لێبڕواوانە بوو. ئایدیالیزمی مەک تاگارتی بەپشتبەستن بەو بنەمایە رەتدەکردەوە، کە لەگەڵ عەقڵی بێگەرد و فامی ئاسایی دژایەتی دەکرد،

مۆر تەئکیدی لەسەر جیهانی مادی دەکردەوە کە بە بەردەوامی ئەزمونی دەکرد. بیروباوەڕی راسڵ گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو و بە خێرایی لەگەڵ مۆر پەیوەندی هاوڕێیانەی پێکهێنا. راسڵ دەیبینی کە جیهانی ئایدیالیستی رەهای هێگڵ پەیوەندیەکی بە راستیەکانی ئەزمونی سروشتەوە نییە. بەڵام زانست و راستیە مادیەکان ناکرێن بە ئاسانی لە بەرچاو نەگیرێن.

راسڵ تێگەیشت کە خەریکە روانگەی مادی ئەزمونی بەرامبەر بە جیهان بەسەریدا زاڵدەبێت. ئەزمون راستەقینەیە و ئەوەی کە ئێمە ئەزمونی دەکەین جیهانی مادییە. لە هەمان کاتدا دەیبینی کە ناتوانێت باوەڕە خواوەندیەکانی بەرامبەر بیرکاری وەلانێت.

«گەورەترین کەسانێک کە فەیلەسوف بوون، هەستیان بە پێویستی زانست و عیرفان کردوە.» پێویستی تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکە بە رواڵەت جیاوازە» فەلەسەفە دەکاتە شتێکی گەورەتر لە زانست و ئاین». راسڵ تێدەکۆشا بە تێفکرین و رۆچوون لە بنەمای بیرکاریدا، هەر ئەو کارە بکات. فیکری ئەو توشی وەرچەرخانێکی تەواو ببوو. پیاوێکی بیست و شەشساڵان سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەی پرسیارگەلێک بوو، کە کوڕێکی یانزە ساڵان لە یەکەم رووبەڕووبووونەوەیدا لەگەڵ ئەقلیدەسدا پرسی بووی.

چۆن دەکرێت ئەو بنەما شاراوەیە کە بناغەی بیرکاری بوو کەشف بکات؟ ئەگەر چی راسڵ هەر لەو کاتەدا وتی:»ئەگەر چی ئەم کارە بە تەواوەتی بیرکارییە، بەڵام سەرنجەکانی زیاتر فەلسەفیە..» ئەو بەدوای دڵنیابوونی ئامانجخوازانەوە بوو.

ئەقلیدەس لەسەر بنەمای بابەتیبوونی (ئاکسیۆمەکان) دەستیپێکردبوو، ئەمانە بنەمای هەندەسەیان هەبوو، بەڵام بناغەی ئەم بنەما بابەتیە چی بوو؟ ئەوان بە تەواوەتی هەڵکەوتو نەبوون، بە دڵنیایەوە دەبوایە لەگەڵ شتێک هاوتەریب بکرایەن؟ راسڵ بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەو شتە شاراوەیە تەنها دەتوانێت «لۆژیک» بێت. بنەمای بابەتی هەندەسە، هەروەها چەمکی بنەمایی بیرکاری دەبێت بەتێکڕایی لۆژیکی بووبێتن. بەم جۆرە ئەو بنەما لۆژیکیەی کە بیرکاری لێجیادەبێتەوە چی بوو؟

لە مانگی یەکی ١٩٠٠دا راسڵ لە پاریس بەشداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی فەلسەفەی کرد. لەوێدا چاوی بە جۆپە پیانۆ، بیرکاریزانو لۆژیکزانی ئیتالی کەوت کەچەندین ساڵ لەسەر بنەماکانی ژمارەکان(اعداد) کاری کردبوو. ئامانجی پیانۆ ئەوە بوو کە لە رێگەی ئایدیای ژمارەکانەوە وەکو دەرکەوتەیەکی سادەتر پێشبکەوێت و لە بری ئەوە شێوازێکی لۆژیکی پێکبهێنێت کە بتوانێت واتای ژمارەی تێدا جێگیربکات و ژمارەکانیش بتوانن تێیدا پێکبێن. ئەو لەم نێوەدا زنجیرەیەک هێمای بنەڕەتی لۆژیکی دروستکردوە، کە رێگە دەدات چەمک و پێشهاتەکان بە وردی شرۆڤە بکات. بۆ نمونە هێمایەکی جیاواز بۆ «پلەیەک کە ئەندامێک هەیبوو» و «ئەندامی ئەو پلەیە» دەستنیشان دەکرد. ئەم جیاوازیە ناسکەش توانای ئەوەی تێدا پێکهێنا بەسەر بشێویەکانی لۆژیکی پێشوو لە نێوان واتای « ئەندامێکە لە»، «کە بەشەکانی» و «یەکسانە لەگەڵ»دا زاڵ بێت. راسڵ بە توندی کەوتە ژێر کاریگەریەوە، پێشتر هەرگیز رووبەڕووی وەها دەسەڵاتێکی لۆژیکیدا نەببوەوە. راسڵ لە هەوڵەکانیدا بۆ روونکردنەوەی بنەما سەرەکیەکانی بیرکاری توشی گرفتێکی گەورە ببوو. بەڵام ئێستا، « خۆمم وەکو کەسێک هەست پێدەکرد کە لەکاتی سەرکەوتن بەسەر شاخێکی تەمومژاویدا ، دوای ئەوەی دەگاتە لوتکە تەمومژەکە نامێنێت و دیمەنی پێدەشتەکان تا دوری ٤٠مایل لە هەر لایەکەوە دەردەکەوێت.»

راسڵ پێشتر جیهانی وەکو قاپێکی جەلی دەبینی، ئێستا بە دەفرێکی هەڵماتی دەشوبهێنێت، گشتی بە گەلێک پارچەی جیاواز لەقەڵەمدەدا. ئەمەش پێویستی بە روانگەیەکی تەواو جیاواز هەبوو. لە بری سەنتز(پێکهاتە)، ئێستا دەبێ ئانالیز (ئەزمون) بەکار بهێنت - کە لە یۆنانیدا بە واتای شەقکردن و کردنەوە دێت. دەفری تیلەکان پارچەی جیاوازیان هەبوو، هەرکامەیان پەیوەندی بە پارچەکانی دەوروبەری خۆیەوە هەبوو. تێگەیشتنی ئەم دونیا نوێ جیاوازە پێویستی بە شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان پارچە جیاوازەکان هەبوو.

ئێستا جەختکردنەوە لەسەر پێناسەی ئەتۆمی جیهان بوو کە لەگەڵ شیکردنەوەی لۆژیکیدا سازگاربوو. لێرەدا راسڵ نەک بە ئەتۆمە فیزیایەکان بەڵکو ئاماژەی بە ئایدیای یۆنانی باستان دەدا کە تەسەوری ئەتۆمەکانی لێکەوتبووەوە.

بە بۆچوونی دیمۆکریتۆس، فەیلەسوفی سەدەی پێنجەمی پێش زایین، ئەگەر درێژە بە دابەشکاری مادە بدەین، سەرەنجام بە شتێک دەگەین کە ئیتر شیاوی دابەشکردن نییە. ئەم شتە ناشکێنرێت، - بە یۆنانی a - tomos و ئەتۆم لێرەوە دێت. دیمۆکریتۆس نەک لە رێگەی تاقیکاریەوە بەڵکو تەنها لە رێگەی بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکەوە بەو دەرەنجامە گەیشتبوو، ئەوە ئامانجی راسڵیش بوو ئەو دەیویست بگاتە ئەو ئەتۆمانەی کە دابەشناکرێن و بنەمای بیرکارین. لە سەرەتادا لە واتای بنەڕەتی" ژمارە"، "رێکخستن"، " گشت و پارچە" تێگەیشتبوو. بەڵام پیانۆ نیشانی دابوو کە چۆن بەو دیوی دەرکەوتەی ژمارەکان بگات، بەو بەڵگەهێنانەوەیە کە دەکرا ژمارە لەسەر بنەمای بابەتیانەی بنەڕەتیتر وەرگرێت:

١ - سفر ژمارەیە

٢ - دوای هەر ژمارەیەک ژمارەیە

٣ - هیچ دوو ژمارەیەک پاشێکی یەکدەستیان نییە

٤ - سفر پاشکۆی هیچ ژمارەیەک نییە

راسڵ بە تەواوەتی بەو لۆژیکە رازی نەدەبوو، بەڵام بە زوویی تێگەیشت کە کلیلەکە هەر لەو لۆژیکەدایە. لە بری چەمکی پێشووی " تێکڕا و پارچە" بڕیاریدا واتای " کۆکراوە" بەکار بهێنێت، وەکو " کۆکراوەی هەموو سێوەکان"، کۆکراوەی هەموو مەسەلە چارەسەر نەکراوەکان" و هتد). کۆکراوە تایبەتمەندیەکی لۆژیکیە، بە گوێرەی یاسای لۆژیکی بنەڕەتی، هەموو شتێک ناتوانێت لەو یەکەیدا خۆڕسک بێت هەم خۆشی نەبێت ( جیهان بەسەر سێوەکان و ئەو شتانەی کە سێو نین دابەش دەکرێت.) راسڵ توانی دەریبخات کە واتای کۆکراوە لەپێشترە لە واتای ژمارە. بۆ نمونە دەتوانیت کۆکراوەی سێوەکان بەبێ کۆی سێوەکان و لە تەنیشت یەکدانانیان وێنا بکەیت. بەبێ ژماردنی ژمارەی سێوەکانی ئەو کۆکراوەیە دیسان دەتوانرێت شتگەلێکی زۆر ورد لە بارەیەوە بوترێت. واتا: ئەو کۆکراوەیە هیچ هەرمێیەک لە خۆ ناگرێت، هەموو بەشەکانی میوەن و شتی تری لەم چەشنە، لێرەدا دەتوانین تێبگەین لەوەی کە چەمکی کۆکراوە بە شێوەی رەها لەپێشترە لە چەمکی ژمارەکان.

بە واتایەکی تر چەمکی لۆژیکی کۆکراوە بنەڕەتیترە لە چەمکی ژمارەکان.

راسڵ دوایی بەو ئەنجامە گەیشت کە بۆ رسکاندنی چەمکی ژمارە و دواتر دانە دانەی ژمارەکان چەمکی کۆکراوە بەکاربهێنێت.

شێوازی سادەی مینۆدەکانی راسڵ بەم جۆرەیە:

– کۆکراوەی هەموو ئەوشتانەی کە لەگەڵ خۆیان یەکسان نین سفر ئەندامیان هەیە.

– – بەڵام ئێکرای کۆکراوە بەتاڵەکان ئەندامانێکی یەکسانیان هەیە، ئەگەرچی پێکەوە یەکسان نین، لە راستیدا پێکەوە یەکێکن. ئەوان کۆمەڵەیەکی یەکدەستن.

– بەم جۆرە، تەنها کۆکراوەیەکی بەتاڵ هەیە. بەم پێیەش لە سفر کۆکراوەی یەک بەدەست دەهێنین.

– بەم جۆرە، کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان یەک ئەندامی هەیە، بەوجۆرەی کە کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان و ئەندامەکەی ٢ پێکدەهێنن، کۆی کۆکراوە بەتاڵەکان و ئەندامەکەی ئێمە دەگەیەنێنە ژمارەی ٣ و هەتا دوایی.

– بەم پێیە، دەکرێت ئێکرای بیرکاری لە چەمکی کۆکراوەکان پێکبهێنرێت، چەمکێک کە دەرهێنراوی چەمکی لۆژیکی بنەڕەتیە.

بەم شێوازە، راسڵ دوو خاڵی گرنگی هێنایە ئاراوە. ئەو سەلماندبووی کە دەتوانرێت راستیەکانی بیرکاری بۆ راستیەکانی لۆژیک بگەڕێنرێنەوە.ئەمەش دەریدەخات کە لە راستیدا بیرکاری بابەتێکی جیاوازی وەکو ژمارەکان نییە. بەم جۆرە، هەموو راستیەکانی بیرکاری لە بواری تیۆریەوە لە کۆتاییدا بە شێوەی لۆژیکی توانای کەمکردنەوەیان هەیە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەتوانرێت لە رێگەی لۆژیکەوە بسەلمێنرێن. (ئاواتەکانی منداڵێکی ١١ ساڵە بەدیهاتبوو، تەنانەت بنەما بابەتیەکانی هەندەسەش دەسەلمێنرێن!)

لە ساڵی ١٩٠٣ راسڵ بنەماکانی ماتماتیکی بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمەش بووە هۆی بڵاوکردنەوەی ناوبانگی وەکوو بیرمەندێکی گەورەی فەلسەفە. بە تایبەت لە ئەوروپادا کە ئەو بابەتە جێی ئێرامان و لێکۆڵینەوە بوو.

لە سـەدەی نوێدا، فەلسەفە لە تیۆریە میتافیزیکیەکان کە هیگڵ بەرجەستەی کردبوو دور دەکەوتەوە و لەسەر مەسەلەی وردتری ناسین و زانستی

مرۆڤ چڕدەبوویەوە. بنەمای زانستی ئێمە چیە و چۆن دەزانین راستە؟ یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە ئەم پرسیارە بە دڵنیاترین زانست واتا بیرکاری ئاڕاستە بکرێت. پێدەچوو کەوەڵامەکە لە لێکدانەوەیەکی لۆژیکیدا شاراوە بێت، بە گشتی، ئەوە قبوڵ کرابوو کە راسڵ وەڵامێکی تەواوی بە پرسیارەکە نەداوەتەوە. هێشتا گرفتی فۆرمی کەمتر وردی زانست وەکو زانستە نامانماتیکەکان بوونی هەبوو. بەڵام بیرمەندان ئەوەیان قبوڵ کردبوو کە راسڵ هەنگاوێکی گەورەی لە پێناو وەڵامدانەوە بە یەکێک لەو مەسەلانەی کە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە فەیلەسوفەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردوە هەڵگرتوە.

بەو هۆیەوە کە خاڵەکانی راسڵ لە بنەڕەتدا فەلەسەفی بوون، بنەمای ماتماتیک بە ئینگلیزیەکی سادە و راشکاو (یان لە ئاستی توانای فەیلەسوفان، نزیک لەم خەسڵەتە ئەفسانەییە) نوسرابوو. بەڵام بەوجۆرەی کە پیانۆ نیشانی دابوو، زمان بە زۆری دەتوانێت جیاوازییە گرنگەکانی لۆژیک داپۆشێت. راسڵ بەنیازبوو بەرگی دووەمێک بنوسێت کە بەڵگەکانی بە هێمای لۆژیکی وردترەوە خستەوەتەڕوو، بەو جۆرەش بەسەر خراپ تێگەیشتنەکاندا زاڵدەبێت. سەختیەکانی ئەو پرۆژەیە ئەوی ناچارکرد هاوکاری ئافرد نۆرس واتهد، ماتماتیکزانی کامبریجی بکات. کە لە سەردەمی خوێندکاری راسڵدا وانەی بەو وتبوویەوە. وایتهد تەنها ماتماتیک زانێکبوو کە راسڵ پەسەندیدەکرد، ئەو ئاشنایەتیەکی تەواوی لەگەڵ فەلسەفە و لۆژیکدا هەبوو. ئەوەش هاوکاریەکی یەکسان دەبوو. ئەو دوانە پێکەوە هەوڵی پێکهێنانی لۆژیکێکی سۆمبولیکیاندا کە دەسکەوتە نوێیەکانی پیانۆی فراوان دەکرد. ئەمە دەستپێکی بنەمای ماتماتیکی دووەم بوو، هاوکاریەک کە بۆ ماوەی دە ساڵ وایتهد و راسڵی سەرقاڵ دەکرد. بە وتەی راسڵ ئەوان بەنیازبوون بیسەلمێنن کە (لۆژیکی گەنجیەتی ماتماتیک و ماتماتیک بەساڵاچوویی لۆژیکە). دەبوایە بە لانیکەمی کەمبوونەوە هەڵنەگری چەمکەکانی لۆژیکەوە دەستیان پێبکردایە، کە بە سیمبولی رۆشنەوە دەخرایەڕوو. بەم پێیە، لە رێگەی لۆژیکی هەنگاو بە هەنگاوەوە پێشکەوتن بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە چۆن تێکڕای لۆژیک و دواتر ماتماتیک دەتوانن تەنها لەم چەمکە بنەڕەتیەوە پێکبهێنن. ئەم پرۆژە گەورەیە بە زۆری پێویستی بە لیهاتوویی شەیتانی بوو کە سەدان لاپەڕەی

پڕ له سیمبولی لۆژیکی لەخۆ دەگرت، بەڵام ئەوەی دەهێنا. شتێکی دەردەبڕی که بڕاوەبوو و جێی ڕەتکردنەوەی نەدەهێشتەوە.

دۆخی ناسیاری مرۆڤ بۆ هەمیشه ئاوەژوو دەبـووەوە. له دۆزینەوە سەرەتاییەکانی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستای لۆژیکی ئەرستۆدا گەورەترین پێشکەوتنی فەلسەفی دەکرا.

سێ ساڵ کارکردن لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا توشی نەهامەتیکرد. راسڵ به کەموکوڕییەکی زانی که ڕۆچووبووە ناو چەقی هۆکارە لۆژیکیەکانیانەوە. هەر ئەم ناسازگاریەش بوو که دەبووە هۆی ئەوەی چەمکی کۆکراوەکان وەک پرسێکی ناکۆک وێنا بکرێت. ئەو گرفته ئەمڕۆ به " پارادۆکسی راسڵ" ناسراوە.

کتێبخانەیەک بهێننه بەرچاو که جگه له ڕەفەی کتێبەکان دوو کەتەلۆگیشی هەیە. کەتەلۆگی یەکەم لیستی هەموو ئەو کتێبانەیە که دەگەڕێنەوە بۆ خۆیان – بۆ نمونە، "ئەگەر پێشتر له بەشی دوودا هات." کەتەلۆگی دووەم لیستی هەموو کتێبەکانی کتێبخانەکەیە که بۆ خۆ ناگەڕێنەوە. کەتەلۆگی دووەم له کامه کەتەلۆگدا دەبێته پێڕست؟ ئەگەر له خۆیدا دەبێته پێڕست، دەستبەجێ دەبێته کتێبێک که بۆ خۆی دەگەڕێنەوە. بەڵام ناتوانێت له کەتالۆگی دووەمدا ببێته پێڕست، چونکه ناگەڕێنەوە بۆ خۆی. ئەم پارادۆکسه به چارەهەڵنەگر دێنەبەرچاو.

بـەڵام ئەمه چ پەیوەندیەکی به کۆکراوەکانەوە هەیە؟ به رواڵـەت بەڵگەهێنانەوەکەی راسڵ، وەهایە، له بری دوو پێڕست دوو کۆکراوەمان هەیە، یەکەم کۆی هەموو کۆکراوەکان که ئەندامی خۆیانن. بۆ نمونه کۆی هەموو کۆکراوەکان ئەندامی خۆین. چونکه خۆی کۆکراوەیەکە. دووەم، کۆی هەموو کۆکراوەکانمان هەیە کەئەندامی خۆیان نین. له نێو ئەمانەشدا کۆی هەموو ژمارەکان هەیە که خۆی ژمارە نییە. ئێستا، ئایا کۆی هەموو ئەو کۆکراوانەی که ئەندامی خۆیان نین ئەندامی خۆین؟ ئەگەر هەیە، نییە. ئەگەر نییە، هەیە. هەمان پارادۆکسی پێڕستی کتێبخانه دروست دەبێت.

ڕەنگه ئەمه وەکو گرفتێکی لاوەکی دەرکەوێت، بۆ راسڵیش له سەرەتاوە هەر وابوو. بەڵام گرفتەکه ئەوەیە که ئێکڕای چەمکی کۆکراوە وەکو بوونێکی لۆژیکی لەناودەبات و ژمارەش لەم کۆکراوەنه دروست دەبێت. بەبێ چەمکی

کۆکراوە ناکرێت بە شێوەیەکی سەلمێنراو لە بواری لۆژیکیەوە لە لۆژیکەوە بگەیینە ماتماتیک. بەهەرحاڵ، نەدەکرا ماتماتیک لە ڕێگەی لۆژیکەوە کەمبکرێتەوە. ماتماتیک لە بواری تیۆریەوە پرسێکی زەرور نەبوو، بەڵکو پرسێکی مومکین بوو. ڕەنگە شکڵەکەی لە خۆیدا بە تەواوەتی لۆژیکی بێت. بەڵام لە پێگەی دەزگایەکدا لەسەر بنەمایەکی بابەتیانەیە کە پاساوی لۆژیکی نییە. ئەم بنەما بابەتیە بە واتایەکی بژارەیی بوون، هۆکاریان نەبوو. بنەمایەک بوون کە بەبێ هەر پاساوێکی تر دەبێت قبوڵیان بکەیت، وەکو ئەو کوڕە یانزەساڵانەی کە برا گەورەکەی وانەی ئەقلیدەسی پێدەوتەوە.

ئەم پارادۆکسە، هەرچی زیاتر راسڵ تێدا ڕۆدەچوو، قوڵتر و شکستهەڵنەگر دەهاتە بەرچاو. راسڵ نامەیەکی سەبارەت بە دۆزینەوەکەی بۆ لۆژیکزانی گەورەی ماتماتیکی ئەڵمانی گوتلۆب فرگە نوسی، کە چەندین ساڵ سەرقاڵی پرۆژەیەکی هاوشێوە بووە. فرگە سەری سوڕما، پێدەچوو ئەو کارەی لەناو چووبێت کە تەمەنێکی لە پێناویدا سەرف کردبێت. ئەو لە وەڵامی راسڵدا رایگەیاند: " زانستی ژماردن کۆتایی پێهاتووە!" راسڵ هەوڵیدەدا: "بەیانیان دادەنیشم و لاپەڕەیەکی سپیم لە بەردەستدا دادەنا، بە درێژایی رۆژ، بۆ وەستانێکی کورت لەکاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا، سەیری لاپەڕە سپیەکەم دەکرد. زۆرجار کە شەویش دادەهات هێشتا لاپەڕەکە هەر سپی بوو." راسڵ نامەیەکی نوسی بۆ ماتماتیکزانی گەورەی فەرەنسی ئانری پوانکارە، لە وەڵامدا وتی، پارادۆکسی راسڵ هاوشێوەی پارادۆکسی کۆنی یۆنانە کە ئەپیمندس کێرتی هێنایەئاراوە و وتی، " هەموو کێرتیەکان درۆزنن." راسڵ لەسەر لاپەڕەی کاغەزێک نوسی:" کێرتی وتی هەموو کێرتیەکان درۆزنن"، و بۆ چەندین رۆژ بەردەوام سەیری دەکرد و لێیورد دەبوویەوە. یەکێک لە بەرزترین زەینەکانی فەلسەفەی ئەوروپا لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا کاری گەیشتبووە شوێنێک کە لە شتێکدا لە ئاستی مەتەڵێکی جەژنی لەدایکبوون تێڕادەما. بۆ چەندین رۆژی بەردەوام زەینی قفڵ دەبوو و وەکووبڵێی ئەوە بەس نەبێت: "هەموو شەوێک لە سەعاتی یانزەوە بۆ یەک دەچووم لەسەر چیمەنەکان دادەنیشتم و بەو جۆرە تێگەیشتم کە پەلەوەری شەوگەڕ سێ دەنگی جیاوازی هەیە(زۆربەی خەڵک تەنها دەنگێکی دەناسن). بە سەختی هەوڵی ئەوەم دەدا

ئەو ناکۆکیە چارەسە بکەم کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا.“

سەرەنجام ساڵی ١٩٠٦ راسڵ گەڕایەوە بۆ وەڵامێک لەچوارچێوەی تیۆری جۆرەکاندا.

لەئاکامدا، سیستمێکی زنجیرەیی لەکۆکراوەکان یان جۆرەکانی کۆکراوە پێکهات. بەمجۆرە، کۆمەڵێک پشیلەو کۆمەڵەیەکی سەرتر لەئاژەڵان هەبوو. ئەوەی کە سەبارەت بەجۆر لەکۆکراوەدا دەگونجا بەناچاری سەبارەت بە جۆری سەرتر لەو نەدەگونجا. ئەوەی کە سەبارەت بەکۆکراوەی ئاژەڵان (واتا پشیلەکان) گونجاوبوو، هەمیشە سەبارەت بەکۆکراوەکان کۆکراوەی(واتا ئاژەڵان) گونجاونەبوو. هەر کۆکراوەیەک دەیتوانی ئەندامێکی خۆی بێت(کۆی هەموو کۆکراوەکان)، بەڵام نەیدەتوانی بۆ خۆی بگەڕێنەوە. کۆکراوە گەڕاوە سەرخۆکان بێمانابوون. بۆ نمونە قسەکردن لە“کۆکراوەی هەموو ئەو گروپانەی کە لەخانەوادەی پشیلەکانن“ بێواتابوو. لێکدانەوەی ”کۆکراوەی هەموو ئەو پشیلانەی کە خانەوادەی پشیلەکان نین“ ئاسانتر بوو. بە وتەی راسڵ ” ئەوەی کە سەبارەت بە ئەندامانی کۆکراوەیەک دێتەوە، پێویست ناکات ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە بێت.“ ئەوەش بەو واتایە بوو کە نە“ کۆی هەموو کۆکراوەکان کە ئەندامانی خۆیانن“ و نە ” کۆی هەموو کۆکراوەکان کە ئەندامی خۆیان نین“ هیچیان نەیاندەتوانی برینی بن لەخۆیان: پارادۆکسەکە چارەسەر ببوو!

راسڵ شادومان بوو و رایگەیاند، ”دوای ئەمە تەنها نوسینی کتێب ماوە“ بەم حاڵەشەوە، دەرکەوت تەواوکردنی نوسینی بنەماکانی ماتماتیک کارێکی ئاسان نییە. وایتهد بە هۆی کاری وانە وتنەوەوە لەکامبریج ئیتر نەیدەتوانی هاوکاری راسڵ بکات. راسڵ بە تەواوکردنی هاوکاریەکانیان خۆی ناچارکرد لەهەشت مانگی دواتردا رۆژێک دە بۆ دوانزە سەعات کار بکات. کاتێک سەرەنجام بنەماکانی ماتماتیکی تەواو کرد. سێ بەرگ و زیاتر لەچوار هەزار لاپەڕەی لۆژیکی سیمبولی بە بەڵگەهێنانەوەی قایمترەوە وردبینی بۆکرابوو. لەهەر قۆناغێکدا دەبوایە لەسەر ئەساسی بنەماکان شیکردنەوەی بۆ بکرایەت - بەوەها شیکردنەوەو فراوان کردنێک کە لەنیوەی بەرگی دووەمدا دەگەیشتە مەسەلەی ١+١=٢!جێگەی سەرسوڕمان نییە کە راسڵ دواتر وتی: ” زەینی من لەم ململانێیە هەرگیز نەحەسایەوە.“ لە ١٩٠٩

بنەماكانی ماتماتیكی تەوا كردبوو، بەڵام بڵاوبوونەوەی سێ بەرگی بۆ ماوەی سێ ساڵی خایاند. چاوەڕوانی ئەوە نەدەكرا وەها بەرهەمێك فرۆشتنی زۆر بێت، بەڵام دەركەوت كە بۆ زانایانی بواری بیركاریو فەیلەسوفەكانیش ئاڵۆزو لێڵە. راسڵ دواتر وتی توانیویەتی تەنها ٦ كەس بدۆزێتەوە كە توانیویانە هەر سێ بەرگەكەی بخوێننەوە. سەرباری ئەمەش، بنەماكانی ماتماتیك" خاڵێكی وەرچەخان بوو لەمێژووی بیری تیۆریدا" بەرهەمێك كە لەجێی خۆیدا كاریگەریەكی قوڵی كردە سەر لێكۆڵینەوەی بیركاری، زانستیو فەلسەفی لەسەرتاسەری ئەوروپادا.

تیۆری جۆرەكانی راسڵ رێگەی بۆ پۆزیتیڤیزمی لۆژیكی، فەلسەفەی زاڵی ئەوروپا لەدەیەكانی ١٩٢٠و ١٩٣٠ خۆشكرد. ئەم دۆزینەوەیەی ئەو كە دۆزێك دەتوانێت لە بواری رێزمانیو لۆژیكیەوە دروستو لەهەمان كاتدا بێمانا بێت، گرنگیەكی چارەنوس سازی بۆ پۆزیتیڤیزمی لۆژیكی هەبوو. لەروانگەی پۆزیتیڤیستە لۆژیكیەكانەوە، مانای دۆزێك لە شێوازی سەلماندنیدایە، ئەمەش ئەوانی ناچار بە روونكردنەوەی سێ دۆزكرد.

دۆزەكانی پەیوەندیدار بەماتماتیكو لۆژیك، بەهەمانبێژی وەسفدەكران. واتا بەشێكی دۆزەكە لەكۆتایدا شیكردنەوەی بەشەكەیتر بوو (بۆ نمونە ٢+٢=٤ یان تەنانەت X+Y=Z).

دەكرا دۆزی جۆری یەكەم بەئەزمون راستبكرێتەوە. ئەمە هەموو دۆزەكانی لەم چەشنە لەخۆدەگرێت."ئەمڕۆ سێشەممەیە" ئەمەش هەموو دۆزە زانستیەكان دەگرێتەوە، بۆ نمونە" ئاو لە ١٠٠ پلەی سانتیگراددا دەكوڵێت." هەمووی ئەم جۆرە دۆزانە كەرەستەیەكیان بۆ سەلماندن هەبوو.

دۆزی جۆری سێهەم بریتی بوو لەراڤەكاری تیۆری، وەكو" خواوەندبوونی هەیە" یان "بوون ئامانجی هەیە" چونكە ئەم دۆزانە لێكۆڵینەوەیان لێناكرێت، قسەكردن لەسەریان بێهودەیە. ئەم جۆرە راڤەكاریانە بێمانان.

بەڵام ئەو روانگەیە رووبەڕووی دوو گرفت بوویەوە. هەموو راڤە ئەخلاقیو مێژووییەكان سەر بەچەمكی سێهەم دەبن. بەواتایەكی وردتر، راڤەگەلێكی وەكو"خواردنی مرۆڤەكان باش نییە"و كۆلۆمب لەساڵی ١٤٩٢دا لەزەریای ئەتلەسیەوە تێپەڕی" ناكرێت بسەلمێنرێت.. شێوازی سێهەم لەمەش

خراپتر بوو. راڤەی " مانای دۆزێک، شێوازی سەلماندنیەتی" لەچەمکی سێهەمەدا دەگونجێنرا. ئەم پارادۆکسە بە پێچەوانەی پارادۆکسەکەی راسڵ، چارەسەر نەبوو.

بەڵام دەرکەوت کە تەنانەت پارادۆکسەکەی راسڵ بۆ هەمیشە چارەسەر نەبووە، بە زوو زانرا کە، کۆکراوە گەڕاوەکان بۆ خۆ قوڕ و بێمانان. لەراستیدا، چەندین چەمکی ریشەدارو چەسپێنراوی ماتماتیک پاڵیداوە بەکۆکراوەکانی بادراو بەرەو خۆوە. نەدەکرا ئەمانە بەرەڵا بکاث. لەلایەکی دیکە، رێگایەکی لۆژیکی بۆ جیاکردنەوەیان لەکۆکراوە بێماناکان نەدەدۆزیەوە، هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بیرکاری لۆژیکیە لەئێستادا رووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر بوەتەوە. پێدەچوو گۆڕانکاری ئەمدوایانە نیشانەی ئەوەیە کە خودی ماتماتیک رەنگە پارادۆکسی هەبووبێث کە لەلۆژیک دورن. لەم کاتەدا، کەسانی سەرقاڵ بوو بەم ئاستەنگیە، لەوپەڕی ترسدا، شایەتی ئەوە بوون، کە کۆرث گودیلی نەمسایی بیست وپێنج ساڵ تەمەن، توانی ئەوە بسەلمێنێث کە لەماتماتیکدا پارادۆکس هەیە. گودیل هۆکارێکی لۆژیکانەی ئاڕاستە کرد کەجارێک بۆ هەتاهەتایە ئەوەی دەسەلماند. بە گوێرەی هۆکارەکانی گۆدیل، هەر سیستمێکی ئاڵۆز، وەکو ماتماتیک، کە پشتی بە بنەمای بابەتیانە بەستبوو، بەناچاری لەناوخۆیدا دۆزی بەرواڵەث دروستی هەبوو کە شیاوی سەلماندن یان رەتکردەنەوە لەو سیستمو دەزگایەدا نەبوو، بۆ سەلماندن یان رەتکردنەوەی ئەو جۆرە دۆزانە هەمیشە دەبێث بنەمای بابەتیانەی تر لەدەرەوەی ئەو سیستەمە ئاراستە بکرێث. لە هەمان کاتدا، هەر کە بنەمای بابەتیانەی دیکە ئاراستە کرا بۆ ئەوەی ئەو دۆزانە شیاوی سەلماندن بکاث، دۆزی زیاتر دەخولقێنێث کە دیسان ناتوانێث رتیان بکاتەوە یان بیانسەلمێنێث. بە وتایەکی تر، هەرهەوڵێک بۆ تۆکمەکردنی بیرکاری لەسەر بنەما بابەتیەکان لەهەمان سەرەتاوە مەحکومە بە شکستهێنان. بیرکاری لەبواری ناوەڕۆکێکەوە کە هەیەتی "ناکامڵ"ە. ئەمەش فەیلەسوفو لۆژیکناسانی توشی سەرلێشێواویکرد. لەهەمانکاتدا، ماتماتیک رانەوەستاو ماتماتیکناسان بەبێ دەغدەغە درێژەیان بەچالاکیە لۆژیکیانەکانی خۆیاندا. ئەم گرفتە تا ئەمڕۆش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ماتماتیکناسان بەبێ لەبەرچاووگرتنی ئەو حوکمەی کە گۆدیل لەدژی بیرکاری دەریکرد هێشتا بڕوایان بەبیرکاری ماوە، ئەوان روانگەی پشتبەستن

به ئەقڵی بێگەردیان دەگرتەبەر، کە ئەگەرچی رەنگە هۆکارێکی (فەلسەفی) بۆ بڕوابوون بەبیرکاری نەبێت، ئەوان بە شێوەیەکی نالۆژیکی درێژەیان بەو کارەدەدا، چونکە ئەو کارە بە کردەوە وەڵامی دەدایەوە. ئەوەی کە بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی ماتماتیک دروست دەبوو دەوامی دەهێنا، پردەکان دادەڕمێن، فڕۆکەکان بەرنابنەوە، تەنانەت موشەکەکان دەتوانن لەمەریخدا بنیشنەوە. هەندێکجار تیۆر لەوانەیە هۆکارێکی باشبێت، بەڵام کردار هۆکارێکی باشتری هەیە.

ئەو ساڵانەی کە سەرفی داڕشتنی بنەماکانی ماتماتیک کرا لەهەشت مانگ چالاکی زەینی سەختو تەنهای راسڵدا رووبەڕووی قەیران بوویەوە. لەهەمان کاتدا، ساڵانی پێشوو بێ ڕووداو نەبوو. ئەم رووداوانەش بە هۆی بێئەزمونی سۆزدارانەی راسڵەوە بوو، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی سەردەمو پەروەردەیەک کە ئەو دیبووی، ئەم دواکەوتوییە رەنگە جێگەی تێگەیشتن بوو. لەوشوێنەی کە سۆزو وروژێنەری کەسانیتر لەئارادابوو، ئەو توانای کەمتەرخەمی نواندنی خۆمانەیی لەگەڵ هاوڕێیانی لەکۆلیژدا هەبوو، بەڵام کاتێک سەرەی سۆزدەربڕینی خۆی دەگەیشت بەسەختی نوقمی زەوق تاسەدەبوو. مەسەلە سۆزداریەکانی لەبەر مەترسی توێژینەوەی فیکری شێلگیر و نەگونجاودا بوون. راسڵ مرۆڤێکی زۆر بنەماخوازو فەیلەسوف بوو(کە هەرگیز یەک شتنین). کاتێک بەکارهێنانی هزرو فیکر بەرەودۆزینەوەی حەقیقەتەکانی دەبرد، بڕوای بە لەقاودانی ئەو حەقیقەتە هەبوو و لەکاتی پێویستدا، بەکردەوەی دەردەهێنا. بەناوبانگترین نمونەی ساڵی ١٩٠٣ روویدا. "ئێوارەی رۆژێک پاسکیل سواریم دەکرد لەناکاو کاتێک لەرێگای گوندێکەوە تێپەڕ دەبووم، تێگەیشتم کە ئیتر ئالیسم خۆشناوێت. تا ئەو ساتە تەنانەت نەمدەزانی کەخۆشەویستیم بەرامبەر بەو کاڵبووەتەوە.." ئایا باڵغبوونی سۆزدارانەی راسڵ تا ئەو رادەویە ناتەواو بوو، کە هەستەکانی بەوەها تێگەیشتنێکی لەناکاو دەرک دەکرد؟ ئایا ئەمە تەنها درۆیەک بۆ پاساوکردن؟ وەکو ئەو پارادۆکسە فەلسەفییە کە بەناوی ئەوەوە دەنگی دابوویەوە(راسڵ لەو کاتەدا بە تەواوەتی سەرقاڵ بوو)، بە رواڵەت هەردوکیانو لە کردەوەدا هیچکامیان.

راسڵ هەستی کرد کە پێویستە لەباری ئەخلاقیەوە ئەو هەستەی بەئاگاداری

ئالیس بگەیەنێت. ئەنجامەکەی بەوجۆرەی کە چاوەڕواندەکرا روخێنەربوو. بەم حاڵەشەوە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئالیس، کەگەورەترو تاڕادەیەک هۆشیارتر بوو - تێدەگات کە لەنێوانیاندا هەمووشتێک وەک پێویست بەڕێناکرێت، بەهەرحاڵ، ئاگادارکردنە لەناکاوەکەی راسڵی قبوڵنەکردو لەباوەشی کرد. راسڵ لەو کارەی بێزار بوو. مامەڵەی لاسارانەی هەردووکیان بەو مانایە بوو کە لەهەشت ساڵی دواتردا، هاوسەرگیریەکەیان بەرەو سەخڵەتی زیاتر دەچوو. سەرباری جیابوونەوە کاتیەکان، سەرەنجام ساڵی ١٩٠١١ بە رەسمی لەیەکتر جیابوونەوە. بە درێژایی ئەم ماوەیە هەردووکیان لەپەرێشانی بێ ئەوپەڕدابوون، سەبارەت بە راسڵ جگە لەپەرێشانی بێهیوای سۆزداریو فیکریش کارێتێکردبوو. کاتێک دژواریەکانی کاری فەلەسەفە بەسەریدا زاڵدەبوو، شەوانە لە نێوان درەختەکاندا پیاسەی دەکردو بیری لەخۆکوشتن دەکردەوە. بێهیوایی بەرامبەر بە ئالیسی تەنیاکەوتوو، لەماڵو لە ژووری نوستندا تەنها دەیتوانی وێنای بکات.

بۆ راسڵ ئەوە دەیەیەکی زۆر سۆزدارانە بوو ئەگەرچی چەندجار بە خێرایی عاشق بوو و بەخێرایش دەستبەرداری خۆشەویستیەکەی دەبوو. ئەو عەشقە توندو بەسۆزانە، هەندێکجار یەکلایەنە، جاجار ئەفلاتونی، و هەندێکجاریش لەگەڵ ژنە ناشادە شودارەکانبوو. پێدەچێت ئەو پەیوەندیە لەگەڵ ئەو ژنانە بووبێت کە حەزیان لەم مرۆڤە وردیلە ئەشرافیە سەرسوڕهێنەرو نامۆیە بە سمێڵی شێواو ئاڵناڵ و رەفتاری گورجانەوە کردبێت.

لەحاڵەتێکیشدا، تەنانەت عاشقی هاوسەری هاوکارە داماو و هاوڕێ نزیکەکەی خۆی وایتهد بوو. راسڵ لە بەرامبەر ئەم جۆرە خۆشەویستیانەیدا بە تەواوەتی هەستی بە تاواندەکرد. چونکە سەرباری هەبوونی سۆزی فراوانو بێ ئیختیاری لەو بابەتدا، بنەماخوازو تەنانەت داوێن پاکو خۆپارێزبوو. سەرەنحام لەساڵی ١٩١٠ لەسیو هەشت ساڵیدا لەم گرفتاریانە دەربازیبوو عاشقی لیدی ئاتۆلین مۆرل، هاوسەری سیو حەوت ساڵەو سەرەنجڕاکێشی پیاوێکی رووکراوەو خۆشەویست بوو، کە ئەندامی پەرلەمانوخاوەنی کارگەی مەیسازی بوو.

ئاتۆلین بە هۆی خەرمانێک لەزولفی پرتەقاڵی، رەنگی دەموچاوی ئەسپ ئاسای پودرە لێدراویو سەروسیمای جوانو تەڕوتازەی بەناوبانگبوو،

راڕایی، دەسەڵاتخواز، بێهەڵوێستو بە تووندی نادڵنیا بوو بەرامبەر بە خۆی. وەها ئاوێنەیەک لەوانەیە کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی بەوەدا. نەک هەر بۆ راسڵ: "گروپی بلۆمزبری"دواتر لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا بەبەردەوامی لەکارسینگتۆن، هەوارگەی مۆرۆڵەکان لە ئاکسفۆردشایەر، چێژی دەبـرد - هەر چەند هەرگیز ئاتۆلینیان بەڕاستی قبوڵنەکرد لەپاشملە بە گوێرەی رەواڵ لاساریاندەکرد. کاتێک بینیان زەبەلاحێکی ئەندێشە، وەکو راسڵی خستوەتە داوەوە ئەو لاساریە زیاتریش بوو.

بە درێژایی ئەم دڵداریە پێنج ساڵە، لەگەڵ راسڵ بە بەردەوامی نامەیان بۆ یەکتری دەنوسی، راسڵ تا ئەو جێگەی کە دەیتوانی دڵو زەینی بەڕویدا ئاوایدەکرد. ئەویش بەشێوەیەک راسڵی"جوان و دڵپەسەند" دەکرد. ئاتۆلین بوو کە رێسامەندی زیادەڕۆیانەی بەراسڵ نیشاندا کە چۆن ئەویش دەتوانێت ژیانێکی ئاسایی بێت. هەر دوکیان بەشێوازی ناتەواوی خۆیان، بە باشترین شێوە کە لەتوانایاندا بوو، عاشقی یەکتری بوون.

بەڵام ئەمە زەوقترینو بەرچاوترین بەسەرهاتی راسڵ لەو ساڵانەدانەبوو. بەو جۆرەی کە چاوەڕوانی دەکرێت، کێشەی گەورەی ئەو بەسەرهاتی فیکری بوو. وەها چاوەڕوان نەدەکرا کە لەو پەیوەندیە پڕشەوقوزەوقە، سەرکێشانەیەدا، کە سێکسی تێدانەبوو راسڵ رۆڵی مرۆڤێکی گەورەتری گێڕابێت. لۆدڤیک وینگنشتاین دوانیوەڕۆیەکی مانگی ئۆکتۆبر ١٩١١ بەبێ ئاگاداری پێشوەخت لە ژوورەکەی راسڵدا لەکامبریج دەرکەوت. زۆرجوان بوو رەفتاری وشکو رەسمی هاوشێوەی ڤینی بوو. ئەو هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئاخافتنی ئینگلیزی پێداگری دەکرد، سەرباری ئەوەی کەراسڵ ئەڵمانیای بەباشی دەزانی. وینگنشتاین کوڕی خانەوادەیەکی پیشەگەری خاوەن دەسەڵات لەئیمپراتۆریەتی نەمسا - هەنگاریابوو. سەرەتا لەکۆشکی خانەوادەیدا کەتێیدا جارجار برامسی بۆ مۆسیقا ژەندنی تایبەتی گرتبوو وانەی تایبەتی دەخوێند. دواتر لەبەرلین ئەندازیاریو دوای ئەوەش لەمانچستەر فڕۆکەوانیو هەر لەوێش هۆگری بنەماکانی بیرکاری بووە. بەگوێرەی باو پرسو جۆی کردوە بۆ ئەوەی بزانێت سیما پلەیەکوناودارەکانی ئەو بەشە چ کەسانێکن، راسڵو فرگەیان نیشان دابوو. خوێندکاری گەنج و کەمئەزمونی

ئەندازیاری بە بێدەنگی گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە ئایدیا سەرەتایەکانی سەبارەت بەبنەماکانی ماتماتیک لەگەڵ دوو مەرجەعی جیهانی لەم زەمینەیەدا بهێنێتە گۆڕ. فرگەی تورە، لەزاری وینگنشتاینەوە "پۆرتی شکا". بەڵام راسڵ هۆگری بوو. دەستبەجێ تێگەیشت کەتوانایەکی جیاوازی تێدایە. زانراو یان نەزانراو، رەنگە گەنجیەتی خۆیی لەوەدا دەبینی، وینگنشتاین باوەڕێکی بەهەستوسۆزی بەرامبەر بەپەیجۆرییەکەی بۆ فەلەسەفە هەبوو: ئەوە ببوو بەهەموو ژیانی، کاتێک پێدەچوو نەگەیشتووەتە خەونە بەرزەکانی، یەکەم بیرکردنەوەی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بوو.

وینگنشتاین بەخێرایی میوانی وەختوناوەختو هەمیشەیی راسڵ بوو. دەوروبەری نیوەشەو دەردەکەوت، پەرێشان، بەبێ قسەکردن لەسەر فەرەشەکە هاتوچۆی دەکرد. دواتر بەشێوەیەکی جدی داوای روونکردنەوەی لەراسڵ دەکرد. ئایا دەبێ خۆی بکوژێک؟ دەبێت ببێتە فەیلەسوف یان فڕۆکەوان؟ راسڵ دژی خۆکوشتنو فڕۆکەوانی بوو(لەو سەردەمەدا ئەو دووکارە هاوشێوەی یەکنەبوون). وینگنشتاین خەریکبوو بڕیاریدەدا کە ببێتە فەیلەسوفوهێرشی دەکردە سەر ئایدیاکانی راسڵ سەبارەت بەلۆژیک. راسڵ بەهێوریو لەسەرخۆ ئامۆژگاری دەکرد، تێژبینانە بەڵگەی دەهێنایەوە، زەینی وینگنشتاینی سەبارەت بەمەسەلە فەلسەفیەکان دەکـردەوە، وینگنشتاین بەهۆی" زەوقو هەژمونو بێگەردی فیکریەوە" لەماوەی چەند مانگدا لەگەڵ مەسەلە بنەڕەتیەکان ئاشنابوو. ئەو کە لەتەمەنی بیستو دووساڵیدا نیوەی تەمەنی راسڵی هەبوو، خۆبەزلزان لاسارو وشکبیر بوو. لۆژیک بەلایەوە ببووە جامی پیرۆز. راسڵ کە دەساڵ خۆی بەتێگەیشتنی قوڵترین مەسەلەو ئاستەنگیەکانی لۆژیکەوە خەریک کردبوو، بوێرانە خۆڕاگری دەکرد.

لەگەڵ باسێکی بەناوبانگدا، راسڵ داوای لەوینگنشتاین کرد، سەرنج بداتە ئەم دۆزە:" ئێستا لەمژوورەدا ئەسپی ئاوی نییە." وینگنشتاین راستی ئەم دۆزەی رەتکردەوە، بەو هۆیەی کە لەبواری لۆژیکیەوە بڕاوە نییە. راسڵ دەستیکرد بەگەڕان لەژێر مێزەکانداو بەدەنگی بەرز هاواریدەکرد ئەسپی ئاوی لەکوێیە؟ وینگنشتاین هێشتا دۆزەکەی راسڵی قبوڵ نەدەکرد لە بواری لۆژیکیەوە ئەگەری

ئەوە لەئارادابوو ئەسپی ئاوی لەژوورەکەدا بێت. راسڵ پێداگری دەکرد لەبواری ئەزمونیەوە ئەوە مومکین نییە. ریشەی تەکینەوەی ئایندەی ئەوان هەر ئەمەیە. ویتگنشتاین فەلەسەفەکەی لەسەر کۆڵەکەی لۆژیکو زمان بونیاددەنا. بەڵام فەلسەفەی راسڵ زیاتر لەسەر واقیعەیەتە زانستیەکان چڕدەبووەوە.

راسـڵ دوای شیکاری بناغەکانی بیرکاری لەبنەماکانی ماتماتیکدا، لێکۆڵینەوەکانی لە بواری مەعترەیفە ناسیدا بەگشتی - واتا بنەمای هەر ناسینێکی - پەرەپێدا. پەیوەندی نێوان ناسینی "ئێمە" و "جیهانی دەرەوە" لە چیداییە، ئەگەر پەیوەندیەک هەیە؟ راسڵ بەلێکدانەوەی ئەزمونی ئێمە دەستیپێکرد. لەوانەیە ئەوەی کە ئەزمونی دەیکەین -لەخەیاڵدا، سەراو، خۆشباوەڕیو شتێری لەوچەشنە - ئێمە هەڵخەڵەتێنێت. لەلایەکی دیکە، گونجاو نییە لەسەر ئەم بنەمایە گومان بخەینە سەرتێکڕای ئەزمونەکانی خۆمان. ئەو لەوبڕوایەدا بوو کە "دەبێت لەسەر هەموو شتێک گومانت هەبێت تەنها ئەو راستیانە بهێڵینەوە کە بەهۆی راشکاویو جیاوازیانەوە ناتوانرێت گومانیشیان لێبکرێت." ئەم راشکاویو جیاوازیە لەبنەمای ئەزمونەکانی ئێمەوە سەرچاوەی گرتوە، کە هەمان "دانەرە هەستیاریەکانن"، ئەم دانراوە هەستیاریانە تێگیشتنو دەرکەوتەی تاکلایەنانەن کە بەبینین، بیستن، بۆنکردنو چەشتنو بیستنی خۆمان بەرهەمیان دەهێنین. ئەمجۆرە هەستانە بە تەواوەتی زەینی نین، بەڵام هەمان شتە مادیەکانیش نین کە کاریگەری دەکەنە سەر هەستەکانی ئێمە. دەتوانین لەشتە ئاساییەکانی وەکو سێو - قسە بکەین، بەڵام ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ وەها شتێک بەتەواوەتی لەپێدراوە هەستیارەکانەوە پێکهاتووە، ئەمانە ئەو شتانەن کە هەستی سور، خڕ، سەخت، نەرمو شتی تری لەو چەشنە بەئێمە دەبەخشێتو ئێمە رێنوێنی دەکات بۆ دروسنکردنی چییەتی "سێو". هەر بەم جۆرەشە، پەیوەستبوون جێگیریو بەردەوامی جیهانی شتەکان. بەردەوامی شتەکانی جیهانی مادی لەپێکهاتە لۆژیکیەکانەوە سەرچاوەیگرتوەو لەپێدراوە هەستیەکانی ئێمە بەرهەمدەهێنرێت.

لەسۆنگەی تیۆری ماریفەتناسیدا دەتوانین بەرەو جیهانبینی کردەیی بچین. هەموو کەرەستەکانی پێوانو بینین لەراستیدا گەشەکردنو پەرەپێدانی هەستەکانی ئێمەن. ئەم دوانە بەوردی هەمان پێدراوە هەستیەکان بۆ ئێمە فەراهەمدەکەن.

لەسەری دەرزیەکەوە تیشکێکی پرتەپرتکەر کە بەتەلیسکۆپ دەیبینین، بە شێوەی لۆژیکی ئەستێرەیەکی گەورە دروستدەکات کە ملیۆنان ساڵی تیشکی لەئێمەوە دورە. بەتێپەڕکردنی تیشک لەئامێرێکی پێوانەوە دەتوانین درێژی شەپۆلەکانی بەشێوەی لۆژیکی دیاری بکەین.

سەدوپەنجا ساڵ پێشتر، دەیڤید هیوم، فەیلەسوفی سکۆتلەندی، دواین تیۆری تەجرەبەی ماریفەتناسی هێنایەئاراوە. بەم پێیە، تێکڕای ناسینی بڕاوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای کاریگەریەکە کە"هەستەکان، زەوقەکان، جوڵەکان) ی ئێمە بەرهەمی دەهێنن. پێناسەی ئێمە بۆ جیهانی دەرەوە تەنها لەرێگەی تێگەیشتنەکانەوە بەدەست دێت - تەنانەت تێگەیشتنی ئەم شتانە بە شێوەی تەن، هۆکارێتی و شتی تر تەنها بە پرۆسەی نەبڕاوەی بەراوردکردن(استقرا) پێکدێت. ئێمە نازانین کە تۆپێکی بلیارد شتێکی تاکە. ئەمە تەنها شرۆڤەی کاریگەریەکانی ئێمەیە، ئایدیای هەڵکۆڵینە. ئێمە نازانین کە هەتاو سبەینێ دەردەکەوێت، یان گڕ کاغەز دەسوتێنێت -هەروەها پێناسەیەک تەنها گریمانەی پشت بەستوو بەئایدیای هەڵکۆڵینی ئەگەر یان هۆیەتی ئێمەیە. ئایا راسڵ لەراستیدا شتێک زیاتر لەمە دەڵێت؟ کلیلی تیۆری ناسینی راسڵو رەسەنایەتی، لەجەختکردنەوەی ئەو لەسەر "پێکهاتەی لۆژیک"ییە. ئێمە بەکردەوە تەنێکی خۆڕاگری وەکو "چیا" بەکردەوە تەجرەبە ناکەین. ئەم چەمکە بەپرۆسەی پێکهاتەی لۆژیکی پێکدێت کە تەنها بەپێدراوە هەستیەکانی ئێمە دەستپێدەکات.

ئامانجی راسڵ شتێک نەبوو جگە لەوەی کە فەلەسەفەو زانست دوبارە یەکبخاتەوە بەجۆرێک کە لەیۆنانی کۆنو دوبارە لەسەدەی حەڤدەدا بوو(بەرهەمی گەورەی نیوتن سەبارەت بە وزەی راکەش بنەمای بیرکاری فەلەسەفەی سروشتی ناوبوو.) بەڵام لێرەدا راسڵ رووبەڕووی گرفتێک بوویەوە. ئەگەر من تەنها جیهانی مادی بە پێدراوە هەستیەکان دروستدەکەم، کە واتە خودی جیهانی مادی چییە؟ ئایا تەنها بینایەکی لۆژیکیە لەزەینی مندا؟ یان هیچ بوونێکی سەربەخۆی لەدەرەوەی پرۆسە زەینیەکانی مندا، لە دەرەوەی زەینی من نییە؟ ئەگەر هەیەتی، چۆن دەتوانین بیناسین؟

راسڵ لێرەدا روویکردە مەسەلەی جیهانی دەرەوە. پێشتر لەرێگەی پێدراوە

هەستیەکانەوە بەبینای لۆژیکی ناسینەوە "بەرەوپێشەوە" دەچوو. ئێستا لەپێدراوە هەستیەکان بۆ دروستکردنی مادە "بۆدواوە" دەڕۆشت.ناوەرۆکی جیهان، خودی مادە، پێکهاتوو لە"هەموو پێدراوە هەستیەکانە کە هەموو بینەرانی ئیحتیمالی دەتوانن بە تێگەیشتنەوە شتێکی یەکدەست ببینن" تەنێکی مادی کە لەهەر لایەک و ئاڕاستەیەکی مومکینەوە دەبینرێتو دەرک دەکرێت هەمان تەنی مادییە. پێدراوە هەستیەکان کاراکتەری تەنەکانن.

مادە رازی نهێنی نەناسراو نییە کە لەپشت تێگەیشتنەکانی ئێمەوە هێلانەی کردبێت، بەوجۆرەی کە فەیلەسوفانی پێشتر وەکو کانت وتویانە، مەتەڵێک لەئارادا نییە، جیهان رازێکی نییە - هەر ئەم"زانستو رۆژی روناکو کاروباری رۆژانەیە". فەلسەفەو جیهان، هەر ئەوەندە روناکو ئاشکران کە زانست دەیوت. پێدراوە هەستیەکان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان لەنێوان زەینو جیهانی بێزەیندا - کە برینین لەتەنە سروشتیەکانو ئایدیا دەرهەستەکان. چەمکی دوایی بەشتگەلێکی وەکو ئایدیای ئێمە لەجوانی یان چاکی، هەروەها بوونگەلێکی وەکو ژمارەی راستێتی ئەفلاتونی دەدات. ئەمانە بە شێوەی دەرهەست" بوونیان هەیە". بەم جۆرە زەین راستەوخۆ پەیوەندی بە بیرکاریەوە هەیە. بەم پێیە، چەمکگەلێکی وەکو ژمارەکان وەکو پێدراوە هەستیەکان بنەڕەتین.

پرۆسە زەینیەکان بەم وێنا بنەڕەتیەوە - رەنگ، ژمارەوهاوشێوەکانی ئەوان - وەکو "ناسر بەسیت" گەردیلەی ئەتۆمی لە جوڵەدایە. بەو جۆرەی کە جیهان لەئەتۆمەکانو پێکهاتە ئەتۆمیەکان پێکدێت، ناسینی ئێمەش لەم ناسرە بەسیتە ئەتۆمیە دروست بووە. دەتوانین ئەمانە لەرێگەی لۆژیکی دەستکاریەوە، ئاوێتە، یان پۆلێن بەندی بکەین. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە، راسڵ فەلسەفەکەی ناو بنێتە "ئەتۆمباوەڕی لۆژیکی". بۆ دۆزینەوەی راستی راقەیی دەتوانین بەسەر گەردیلەی لۆژیکیدا دابەشی بکەینو بزانین بەشێوەیەکی لۆژیکی دروست ئاوێتەبووە یان نەبووە. ئەم شێوازە بە"شیکردنەوەی لۆژیکی" ناسراوەو بوو بە یەکێک لەرەوتە زاڵەکان لەفەلسەفەی سەدەی بیستەمدا.

نمونەی سادەی شیکاری لۆژیکی دەتوانین لەم دۆزەی خوارەوەدا بەکاربهێنین، "پاشای ئێستای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە." ئەمە بە رواڵەت

پەیوەندیەکی سادە بەیان دەکات کە لەوانەیە راست یان درۆ بێت. بەڵام لەراستیدا پارادۆکسێک دێنێنە ئاراوە. نەراستە نەدرۆیە - قۆڕ و بێمانایە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە شتێک بەناوی پاشای ئێستای فەرەنسا بوونی نییە. ئەم دۆزە دەتوانرێت لەرێگەی بەشە ئەتۆمییە پێکهێنەرەکانیەوە دابەشبکرێت:"بوونی ئێسنا"،"پاشای فەرەنسا"، و "قژ ڕوتاوبوون". مەحاڵە کە دۆزی سەرەکی دەبێت وەها بێت"شتێک بەناوی پاشای فەرەنسا بوونی هەیەو قژی رووتاوەتەوە." بەشی یەکەم ناڕاستە، لەئەنجامدا "پاشای فەرەنسا" ناتوانێت لەپەیوەند لەگەڵ "قژ ڕووتانەوە"دا بێت. راسڵ لەهەمان کاتدا کە لەسەر ئەم مەسەلانە کاری دەکرد، تەواوی ئەو ئایدیایانەی تاقی دەکردەوە کە پەیوەند لەگەڵ ویتگنشتایندا لەزەینیدا شکڵی دەگرت. ئەوان بەشێوەی یەکسان کاریان دەکرد. لەهەمان کاتدا، لەژێر ئەم هاوکاریە بەرواڵەت فەلسەفیەدا، تەقینەوەیەکی قوڵ خەریکبوو سەریهەڵدەدا، ویتگنشتاین تەئکیدی لەسەر لەپێشبوونی لۆژیک دەکردەوە، لەکاتێکدا ماریفەتناسی راسڵ بەشێوەیەکی فراوان رووبەدەکردە چەمکی مادەو"جیهان بینی راستەقینە"ی زانست. قۆناغێکی تایبەت لەدۆزینەوەی زانستی - یەکێک لەگەورەترین سەردەمانی مێژووی زانست - بوو. ئەنیشتاین یەکەمین نامەی سەبارەت بەرێژەیی بوونی تایبەت لە ١٩٠٥دا بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ئەوە، زەمانو جوڵە رێژەییبوون ، مادە بەجۆرێک لەوزە بەئەژمار دەهات(E=MC) لەم نێوەندەدا، لەساڵی ١٩١٢ نیلز بور خەریک بوو تیۆری کوانتۆمی پێشکەش دەکرد، کە دەیسەلماند یاساکانی فیزیای کلاسیک لەئاستەکانی ژێرئەتۆمدا راست دەرنایەت. شوێنوکات رەها نەبوو، رووناکی بەشێوازێکی نەشیاو دەیتوانی هەم گەردیلەی رقو هەم شەپۆل بێت.(کە کێشی نییە). راسڵ ئاگاداری ئەم گۆڕانکاریانەبوو. روونو ئاشکرابوو کە هەر تیۆرییەکی فەلسەفی سەبارەت بەناسین دەبوایە ئەم جۆرە گۆڕانە شۆڕشگێڕانەیە لەخۆیدا جێگیربکردایە. لەبەر رووناکی تیۆری رێژەیی بوونو کوانتۆم، مەعریفەناسی(ئەبستیمۆلۆژی)بە جۆرێک کە لەو سەردەمەدا بوو بە تەواوەتی لەیەکدابڕاو وێنا دەکرا.

زۆر کەس هێشتا گومانیان هەیە کە دۆخەکە باش بووبێت، ئەنیشتاینو بۆر هەردوکیان سەبارەت بە مەسەلەکانی مەعریفەناسی بەرهەمهاتووە لەدۆزینەوەکانی خۆیان زۆربە سەختی لەپەیجۆریدا بوون. ئەمڕۆ ئەو بیرمەندانەی کە خۆیان بە

شتگەلێکی وەکو کوارکەکان و سەروبەشەکانەوە(Superstarings) خەریکدەکەن ، ئیتر هۆگریەکیان بەرامبەر بە مەعریفەناسی نەماوە . سەروبەشەکان گەردیلەی راستەقینەن یان تەنها بەشەکانی بیرکارین؟ وەها پرسیارگەلێک بۆ ئەوان لەئارادا نین. سەروبەشەکان لەهاوکێشەکانی ئەواندا "وەڵام دەداتەوە". ئەمە بۆ بیرمەندان گرنگە. کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بە نالۆژیک بوونی زانست زیاتر هاوشێوەی کاردانەوەی ماتماتیکزانانە بەرامبەر بە رەتکردنەوەی بڕاوەبوونی ماتماتیکە لەلایەن گۆدیلەوە. بەم جۆرە، ئایا هێشتا فەلسەفە سەبارەت بە مادە قسەیەکی بۆ وتن هەیە، یان مەعریفەناسی لێرەدا بە کردەوە بێکەڵکە؟

راسڵ بایەخی بنەڕەتی ئەم مەسەلەیەی بۆ دەرکەوت‌و سوربوو لەسەر ئەوەی کە پێوەی سەرقاڵ بێت. ویتگنشتاین لەلایەکی دیکەوە، بنەماکانی مەعریفەناسی لەشوێنێکی تر دەبینی. راسڵ‌و ویتگنشتاین هەردوکیان گرنگی زۆریان بە لۆژیک دەدا، بەڵام بەدەر لەمە، رێگایان لەفەلسەفەدا زۆرجیاوازە. بۆ راسڵ زیاتر فەلسەفە گرنگبوو تا لۆژیک، بۆ وینگنشتاین لۆژیک لەپێشتر بوو ، بەڵام سەبارەت بەپێکهاتە گەردیلەییەکانی ناسین و پێویستی بەشیکاری زمان بۆ گەیشتن بەم پێکهاتانە لەگەڵ راسڵ هاوبۆچوونبوو. بەم حاڵەشەوە، بۆ وینگنشتاین پێکهاتەی زمانبوو کە پێکهاتەی جیهانی لەقاودەدا. یەکەمین بەرهەمی گەورەی ئەو، ناميلکەی لۆژیکی - فەلسەفی، بەئاشکرا رایدەگەیاند کە" جیهان کۆکراوەی تێکڕای راستیەکانە نەک کۆکراوەی تەنەکان ... راستیەکان لەفەزای لۆژیکی جیهاندایە." لەم خاڵی وەرچەرخانەوە بەوە دەگەیشت کە"سەبارەت بەوەی کە ناتوانین قسە بکەین، دەبێت بێدەنگ بین." بە واتایەکی تر، ناسین دەبێت لۆژیکی قسەبکات یان هەر قسە نەکات..

بە خۆشحاڵیەوە، ئەو بیرمەندانەی کە لەپێکهاتە نامۆکانی مادە - و رەفتاری نالۆژیکانەی ئەوان - لێکۆڵینەوە دەکەن بەم جۆرە کۆڵیان نەدا. بەم کۆڵنەدانە هۆشداریەکەی وینگنشتاینیان پوچەڵکردەوە. زمان دەتوانێت خۆی بەپرسێکی نالۆژیکەوە خەریک بکات. هەروەها دەتوانێت خۆی بە واقعیەتێکی بەدەر لەواقعیەتی خۆی خەریکبکات. فیزیای ناوەکی لەسەدەی بیستەمدا پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. دورەپەرێزی وینگنشتاین لەم مەسەلانەو

دورکەوتنەوەی لەدنیای لۆژیکدا بەو مانایەبوو کە فەلسەفە دەتوانێت درێژە بەکارەکەی بـداث لەبڕانەوەی بونیاتنراودا بە سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە. لەپێشبوونی ئەو لەفەلسەفەدا لەسەدەی بیستەمدا بەم هۆکارەیە. بە پێچەوانەوە، فەلسەفەی راسڵ مەسەلەیەکی گشتگیرتری کە تاوتوێ دەکرد هەرگیز بەشێوەیەک جێی رەزامەندی چارەسەری نەکرد. کۆششی بەردەوامی راسڵ بۆ چارەسەری ئەم مەسەلانە فەلسەفەکەی زیاتر لەجاران بە شێوەی کاتی نیشاندەدا، کۆششی دلێران‌و بەرفراوانی ئەو بەبەراورد لەگەڵ بڕاوابوونە رۆشنەکان، بەڵام ئاڵۆزی ویبگنشتاین وەکو بشێور رووث دەردەکەوث.

بەم حاڵەشەوە، راسڵ زۆرشث لەویتگنشتاینەوە فێربوو. دواتر ئاشنایەتی لەگەڵ ویتگنشتاین بە پڕهەیەجانترین ئەزمونی ژیانی فیکری وەسفکرد، بەڵام سەرەنجام ئەو ئاڵۆزیانەی کە ویتگنشتاین گەلاڵەی کرد توشی تێرامانی کرد، توندی تاڕادەیەک شێتانەی هێرشەکانی ویتگنشتاین بۆ سەر بابەتی فەلسەفەی ئەو متمانەی توشی لێکترازان کرد ئەوەش بووە هۆی ئەوەی راسڵ بەو دەرەنجامە بگاث، کە بە گەیشتن بە چل و چەندساڵە ئیتر فەلسەفە زۆر دژوار بووە بۆی. ئەوەی قبوڵکرد کە ئیتر هەرگیز ناتوانێث کارێکی نوێ‌و رەسەن بکاث. لەم ململانێ فەلسەفیەی ئیرادەکان لە نێوان دوو دێوزمە گومانێک لەوەدا نەبوو کە کێ براوەیە. ئەوەی کە ئەنجامی ئەم ململانێیە تا چ رادەیەک سەرچاوەگرتوە لەدەسەڵاتی کەسایەتی، نەک بۆنەی بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی، هێشتا مشتومڕی تێدایە.

راسڵ سەرباری ئەم زەربەیە کەسێک نەبوو کە بەتەواوەتی تێکبشکێث، هەرچی بـوو، ئێستا خەریک بـوو، تواناو تایبەتمەندییە مرۆییە قوڵەکانی دەردەکەوث، ئێستا کە دەستی لەهەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی فەلسەفەیەکی رەسەنی گشتگیر هەڵگرتبوو روویکردە داڕشتنی فەلسەفەیەکی دڵخوازی خەڵک، لەو زنجیرە کتێبانەدا کە بە شێوەیەکی هەڵخەڵەتێنەر سادەبوو، بە درێژایی تەمەنی درێژی نوسینیاندا، بە هەموشتێکەوە خەریکبوو، لەمەسەلە تایبەتەکانی ئەخلاقەوە بگرە تا تێکڕای مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا. یەکەمین کتێبی لەوبارەیەوە ساڵی ١٩١٢ تەواو بوو ناوی مەسەلەکانی فەلسەفەی لێنرا. بۆ زۆر کەس ئەم کتێبە وەکو

پێشەکیەکی کارامەیە بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە. ویتگنشتاین سەرسام بوو: راسڵ تا ئەو جێگەیە ئەنەزولی کردبوو کە ئەو کەسانەی کە خاوەنی لێوەشاوەیی نەبوون بە فەلسەفە ئاشنا دەکرد. لەوە بەدواوە بە پشتبەستن بە رابردو هەڵسوکەوتێکی پڕ لەسوکایەتیو دەرەبەگ ئاسایانەی هەبوو. سەرباری ئەمەش، راسڵ لەدوو قۆناغی ژیانیدا بە شێوەیەکی تیۆری بەرزانە هاوکاری ویتگنشتاینی کردوە - دڵنیابوون لەبڵاوبوونەوەی نامەی لۆژیکی - فەلسەفیەکەی، هەروەها ئەوەی کە لەدەیەی ۱۹۳۰دا بتوانێت سەرباری نەبوونی دۆخی لەباری ئەکادیمی، پۆستێک لەکامبریجدا وەرگرێت.

حەزە فەلسەفیەکانی راسڵ هەمیشە سەرتربوو لەسنورە دڵگیرو ئاساوەکانی لۆژیک. مەسەلە سیاسی، ئەخلاقیو زەوقیەکان هەمیشە بۆ ئەو سەرنج راکێش بوون. نەک هەر لەبواری تیۆریەوە روانگەیەکی لیبراڵی هەبوو چالاکانە بەشداری باسوخواسە ئەخلاقیەکانی رۆژانەی دەکرد. وروژێنترین مەسەلەی کۆمەڵایەتی لەساڵەکانی بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم لەبەریتانیا، بزوتنەوەی مافی دەنگدانی ژنان لەسەرکردایەتی ئامیلین پانهۆرست بوو،کە چەندینجار بە هۆی هەڵوێستەکانیەوە زیندانی کرابوو. لەسەردەمانێکدا کە دەربڕینی وەها بۆچوونێک دەبووە هۆی پەراوێزخرانی کۆمەڵایەتی، راسڵ بوو بە لایەنگری مافی دەنگدانی ژنان. لەساڵی ۱۹۰۷دا تەنانەت لەخەبات بۆ هەبوونی مافی دەنگدانی ژنانو بازرگانی ئازاد، لەهەڵبژاردنی خولی نیوەی ویمبلدۆندا خۆی بۆ نوێنەرایەتی پەرلەمان کاندیدکرد. ئەم هەنگاوەش بووە هۆی نانەوەی تورەیی و بارگرژی لەسەرتاسەری وڵاتدا، بەر لە هەڵبژاردنەکە چەندین هێرش کرایە سەریو سوکایەتی پێکرا.( ژنان لەبەریتانیا تا ساڵی ۱۹۱۸، دوو ساڵ بەر لەئەمریکا مافی دەنگدانیان نەبوو.) سەرباری ئەم شکستە، راسڵ درێژەی بە رۆڵی چالاکانەی لەسیاسەتو خەبات بۆ پارتی لیبراڵدا- هەر لێرەدا یەکەمجار لیدی "ئاتۆلین مۆرۆل"ی بینی کە هاوسەرەکەی ئەندامی لیبراڵی پەرلەمان بوو.

بە پێچەوانەی باو، هەرچی راسڵ تەمەنی دەچووە سەر لەبنەماکانیدا رادیکاڵتر دەبـوو. لەخولانەوەی سـەدەدا رێگای بە خۆیدا لەگەڵ شەپۆلی نیشتمانپەروەری ئیمپریالیستی هاوڕێ لەگەڵ جەنگی بوئرەکان پێشبکەوێت، کە

تێیدا سوپای بەریتانیا شکستی بەکۆچبەرانی هۆڵەندی لەباشوری ئەفریقا هێنا. لەساڵی ١٩١٤دا کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد تەمەنی ٤٢ ساڵان بوو بنەما لیبراڵیەکانی خۆی عەقڵانی کردبوو. رایگەیاند، کە هیچ پاساوێک بۆ جەنگ نییەو چەندین خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەی رێکخست کە بە هۆیانەوە خرایە ژێر فشارەوەو پیشەی مامۆستایەتی لە ترینیتی کۆلێژدا لە دەستدا.

بەڵام راسڵ کەسێک نەبوو کە بە لەدەستدانی پیشەکەی واز لەبنەما فیکریەکانی بهێنێتو خۆڕاگری کرد. ساڵی ١٩١٨ سزای شەش مانگ زیندانی لەزیندانی بریکستۆندا بەسەردا سەپێنرا. پێشوازی لەو قۆناغی گۆشەگیرییە کرد. چونکە لە کارکردن دوریدەخستەوەو دەرفەتی ئەوەی پێدەدا خەریکی نوسینەوەی فەلسەفە بێت. دەرەنجامی کۆتایی ئەو گۆشەگیریەش شیکاری زەین بوو کەتێیدا بەو ئاکامە گرنگە گەیشت کە جیاوازی لەنێوان جەوهەرو زەیندا نییە. مادە زەینی تر و زەین مادەیی تر لەوە بوو کە بەشێوەی گشتی وێنا دەکرا. ئەمانە پێدەچێت "کارکردی" مادە بووبێتن"بەڵام توخمە ساکارە گەردیلەییەکان" لەزەینیشدا وێنادەکران - گریمانەیەک کە تا ئەوکاتەی جیاوزازی لە نێوان زەین و مادەدا بوونی هەبوو مومکین نەبوو. ئێستا زەین نەک هەر جۆرێک توخمی خاوەن بیرۆ، کە پێدراوەکانی وەردەگرت، بەڵکو جۆرێک ساختەی ئەم پێدراوە هەستیانەو "توخمە ساناکان"(وەکو ئایدیا دەرهەستەکان، ژمارەکان و هتد) لەقەڵمەدەدرێت. ئەو شتەی کە زیاتر وەکو زەین وێنادەکرێت، لەئێستا لەشتێک پێکدەهات کە پێشتر مادەو هەستە ئەفلاتونیەکان لـەدەرەوەی ئەو وێنادەکران. ئاتۆلین بە تەواوەتی پشتیوانی لەخەباتی دژە جەنگی راسڵ دەکرد، بەڵام خۆشەویستی شاراوە لەپەیوەندیەکانی ئەواندا، وایلێهاتبوو کە ببوون بە هاوڕێی زۆر نزیکی یەکتر. باوەڕە لیبراڵەکانی راسڵ ئەوی بەرەو بەرگریکردن لەخۆشەویستی ئازاد بردبوو، بەڵام تەنها لەو کاتەدا بوو کە خەریکبوو بەکردەوەی دەردەهێنا.(سەردەمی بێ بەندوباریەکەی دوای بەجێهێشتنی ئالیس پێدەچوو زنجیرەیەکی شیفتە و شەیدای هەنوکەیی سەرچاوەگرتوو لەخۆڕانەگری هەوەسبازانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر جۆرە روانگەیەکی ئەخلاقی بووە.) پەیوەندیەکی هەبوو، بە تایبەت لەگەڵ کولت ئۆنیل ئەکتەری بیستو یەکساڵ تەمەن، کاترین مەنسفێلد نوسەر، ڤیۆین ئالیوت،

یەکەمین هاوسەری تی.ئێس. ئالیوتی شاعیر کە تووشی ناجێگیری دەرونی ببوو. بەڵام لە ١٩١٩دا چاوی بە دۆرا بلک کەوت، ژنێکی بیستوپێنج ساڵەی سەربەخۆ کە پێپی دەکێشاو لەزمانە مۆدێرنەکانی کامبریجدا بڕوانامەی باڵای وەرگرتبوو. دۆرا ستایشی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی راسڵی کردبوو، بەڵام ئەوی بە هارتری دێوانە ئاسا لە ئالیس لەسەرزەمینی نامۆدا دەشوبهاند( هەڵسەنگاندنێکی هۆشمەندانە کە زیاتر لەیەک کەس پێیگەیشتبوو). لەگەڵ راسڵ باسی توندوتیژیان پێکەوەدەکردو سەرباری ئەوەش هەردووکیان باوەڕی قوڵی خۆیان بەهاوسەرگیری راگەیاند. دۆرا فیمینیستێکی رادیکاڵ بوو کە دەیوت ئامانجی لەژیاندا خستنەوەی منداڵە. چونکە لەوەها پەیوەندییەکدا جێگەیەک بۆ باوک نامێنێت، منداڵەکان تەنها لەلایەن دایکەوە بەخێودەکرێن. راسڵ وەڵامی دەدایەوە: " باشە، بەڵام تۆ ئەو کەسەنیت کە من منداڵم لێیدەبێت."

رەنگە حاشاهەڵنەگر بووبێت کە ئەوان پێکەوە هاوسەرگیری بکەن. بەڵام ئەوەتا دوو ساڵی تر رووینەدا. بەدرێژایی ئەم ماوەیە پێکەوەبوون هەر دووکیان بۆ بینینی روسیای بەلشەفیکی سەردانی ئەو وڵاتەیان کردبوو. کاتێک لەساڵی ١٩١٧دا شۆڕش بەرپابوو ئەو بڕوایە لەراسڵدا شکڵیگرت، کە رەنگە سەرەنجام کۆمەڵگەیەکی راستەقینە لەشوێنێکی ئەم دونیایەدا پێکهاتبێت. بەهیوایەکی مەزنەوە وەکو ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی پارتی لیبراڵ کە زۆربەی ئەندامەکانی خۆیان بە زیارەتکارانێک دەزانی کە دەچن بۆ ئەوەی شایەتی قۆناغێکی نوێ بن گەیشتە روسیا. بە بۆنەی ناوبانگی فەلسەفی راسڵەوە، پێشبینی دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ لینینی بۆ دەکرا. فەیلەسوفی بەریتانی هیچ کاریگەریەکی لەرابەری شۆڕش وەرنەگرتو ئەوەی کە بەهۆی کاریگەریەکانی شۆڕشەوە، بەتایبەت لەنێوان جوتیارانی برسیدا لەناوچە گوندنشینەکان بینی، تووشی سەرسامی کرد. دۆرا، کە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی تردا سەفەریکردبوو و لینینی لەکاتی پێشکەشکردنی وتەدا لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا بینی، بەشەیداییەوە گەڕایەوە. راسڵ دەستبەجێ دوای گەشتەکەی تیۆری و زانستی بۆلشفیزمی نوسی کە لۆمەی ئەو شتانەی کردبوو کە بینیبووی، ئەوەش جۆرێک لە نەفرەت و بێزاربوونی بەرامبەر بە راسڵ لەناو کۆڕ و کۆمەڵە چەپڕەوەکانی بەریتانیادا دروستکرد. زۆربەی دیدارکەران

کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەوەی کە بینیبوویان - یان تەسەوریان دەکرد بینویانە. ئێچ. جی. ڤێلز کە هەر ئەو ساڵە سەردانی روسیایکرد لەگەڕانەوەیدا زنجیرە مەقالەیەکی بەشەوقو زەوقی لەساندی ئێکسپرێسدا نوسی. جۆرج بێرنارد شاو، کە لە لوتکەی پاکسازیەکانی دەیەی ١٩٣٠دا سەردانی روسیایکرد. ستالینی بە پاپا و روسیای بە " خەونێکی شاد و بەشکۆ" بەراورد کرد. راسڵ بۆ هەمیشە رادیکاڵ مایەوە، بەڵام پێداگری لەسەر وتنی حەقیقەتی ئەوەی کە بینویەتی دەکردەوە. لەئەنجامدا بە درێژایی تەمەنی درێژی یارانێکی سیاسی کەمی مایەوە. بەڵام مشتومڕە گەرمەکانی لەگەڵ دۆرا بلک سەبارەت بە روسیای بەلشەفیکی ئەوانی لەیەکتر نزیک کردەوەو لەسیپتەمبەری ساڵی ١٩٢١دا هاوسەرگیریان کرد، شەش رۆژ دواتر دۆرا یەکەم منداڵی راسڵی هێنایە دونیاوە، کوڕێک کە بەیادی رۆمان نوسی گەورەی پۆڵەندا ناوی کنرادیان لێنا.

دۆرا هەستی دەکرد کە هاوسەرگیری کردنی خیانەتێکی گەورەیە بە باوەڕەکانی. راسڵ دوودڵ بوو. دەترسا ناشەرعی بوون - وەکو پەڵەیەکی گەورە لەو سەردەمەدا ببێتە هۆی ئازاردانی کنراد بەرامبەر بە دایک و باوکی. راسڵ بە پێشبینی کردنێکی نائاسایی دەیبینی کە هاوسەرگیری نەکردنو هەبوونی منداڵێکی نامەشروع، دۆزینەوەی پیشەیەکی زانکۆیی دژواردەکاتـەوە بۆی. هەڵوێستی ئاشتیخوازانەو چوونە زیندان، ئەوی کردبوو بە تۆخمێکی ناباو لەکۆڕو کۆمەڵە زانکۆیەکانی بەریتانیادا. خۆشبەختانە ناوبانگە نێودەوڵەتیەکەی ئیمکانی سەفەرگەلێکی بۆ وتارخوێندنەوە لەئەمریکا بۆ فەراهەمدەکرد، بەڵام لەگەڵ خۆشەویست و منداڵە ناشەرعیەکەیدا نەبوو. راسڵ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی پێویست درێژەی بە نوسینی کتێبی سادەو رەوانی فەلەسەفیو مەسەلەی رۆژدا. هەروەها لەگەڵ لۆرا بە بەردەوامی مەقالەیان بۆ رۆژنامەکان دەنوسی تا ئەوەی کە دۆرا منالی دووەمی بوو، کە ئەمجارەیان کچێک بەناوی کاترین بوو.

لەئێستادا پرسی خوێندنی منداڵەکان لەئارادا بوو. راسڵەکان وەکو رۆشنبیرانێک بە باوەڕی پێشکەوتوانەوە، دژی هەر جۆرە خوێندنێکی باو بوون. بەم پێیە، ئەوەیان بە گونجاو زانی کە خۆیان قوتابخانەیەک دامەزرێنن، بۆ وەرگرتنی خوێندکارانێک کە دایک و باوکیان هاوباوەڕی خۆیان بوون بانگەوازێکیان

بڵاوکردەوە. قوتابخانەی " بیکن هێل" کە دەکەوێتە ناوچەی ساری نزیک پترزفێڵد، لەسیپتەمبەری ١٩٢٧دا کرایەوە. لەدەفتەری ڕێنوێنی قوتابخانەکەدا نوسرابوو خوێندکاران شەوانەرۆژی وەکو ئەندامانی خانەوادەیەکی گەورەی دێرین پەروەردە دەکرێن. وانەکان زۆرەملی نین‌و خوێندکاران ئازادن لەناو حەوشەی قوتابخانەدا بگەڕێن. لە بری ڕێک و پێکی، ئامۆژگاری دەکرێن سەبارەت بەگرفتەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی قوتابخانە قسە بکەن، لەو کۆبوونەوانەدا فەرمانبەرانی قوتابخانە کەمینەن و دەنگی ئەوانیش کەمترە لە خوێندکاران، بڕیارەکانی ئەنجومەن دواتر جێبەجێدەکران، تەنها لەحاڵەتێکدا زۆرینە دەنگیان بە سڕینەوەی گەڵای هەڵوژە لەناو بەرنامەی خوارکیەکەیانداو دۆرا ئەو بڕیارەی ڤیتۆ کرد، چونکە گەڵای هەڵوژە بۆ تەندروستی پێویست بوو.

ئەنجامی وەها ڕەجیمێکی خواردن حاشاهەڵنەگر بوو. منداڵەکان لەزەتیان لێدەبرد و لەراستیدا فەرمانبەرەکانیش. وێنەیەکی راسڵ ماوە کە قات‌و ریباتی لەبەردایەو لەسەر قادرمەیەک دانیشتوەو منداڵێکی لەباوەشدایەو ژمارەیەکی دیکە لەمنداڵەکانیش لەپەنایدا وەستاون‌و هەموویان سەروسیمایەکی شێواویان هەیە بەڵام هەموویان شادن. بزەیەکی پڕ لەموحیبەت کە لەسەر لێوانی راسڵە، ڕەنگە ئەمە شاددترین وێنەی راسڵ بێت.(ناتوانرێت لەئێڕامانی دەروناسانەی ئەو خۆ بە دور بگرین) بەداخەوە گوایا لەبواری راهێنانی وانەییەوە کارێکی وەها نەکرا، بە تێپەڕبوونی کات منداڵەکان جەسورتر بوون. هەڵبەت پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە قوتابخانە بەخێرایی بووە شوێنێک بۆ پاکسازی منداڵە سەرکێشەکان، منداڵە هاروهاجەکانی خانەوادە دەوڵەمەندەکان‌و ئەو منداڵانەی کە نەگونجاوبوون، زۆربەیان لەقوتابخانەکانی دیکەوە دورخرابوونەوە. ئەم منداڵە پڕزەحمەت‌و دەریدەیسەرەی کە زۆربەیان لەتەمەخواردوی ٣ بۆ ١٢ ساڵان بوون، ئازادی خوازبوونی راسڵەکانیان دەقۆسنەوە. لەهەمان کاتدا، باسکردن لەگەڵ منداڵانی هەشت ساڵان سەبارەت بە سودەکانی هەڵوژەی وشک بۆ یەکێک لەبەرجەستەترین فەیلەسوفەکانی جیهان کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو، چونکە گومانی تێدا نییە، کە راسڵ هەر ئەمە مایەوە(واتا فەیلەسوف، نەک هەشت ساڵان).

هاوکاث وینگنشتاین دەسنوسێکی لەبەرهەمێکی خۆی کە خەریکی نوسینی بوو رەوانەی "ترینیتی کۆلێژی" کامبریجی کرد. بۆ ئەوەی دایمەزرێنن. ئەوی دەستبەجێ بۆ راسڵ نارد کە تەنها فەیلەسوفێک بوو توانای داوەریکردنی سەبارەث بەگرنگی ئەو نوسراوەیەی هەبوو. وینگنشتاین دواین بەرهەمی راسڵی بە "رشانەوەهێنەر" وەسفکردبوو، بەڵام راسڵ ئەرکی بێبەرامبەرو ئاقەتپڕوکێنی نوسراوێکی ناڕۆشنی وینگنشتاینی گرتە ئەستۆ.. ئەو خۆیی دور دەگرث لەو رێڕەوە فەلسەفیەی کە شاگردەکەی پێشووی گرتبوویەبەر، سەرباری ئەوەش بەرزەفڕانە دانی بەوەدا نا کە بەرهەمە نوێیەکەی وینگنشتاین "زۆر رەسەن و گرنگە". ئەو هەڵوێستەش بووە هۆی وەرگرتنی وینگنشتاین. نامەی سوپاس و ستایش نەگەیشتە "بیکن هێڵ".

لەساڵی ١٩٣١دا، فرانکی براگەورەی راسڵ کۆچی دوایکرد، ئەو نازناوی بنەماڵەیی بە میراتبردو بوو بەسێهەمین ئارل راسڵ. فرانک پاشەکەوتی دارایی خانەوادەکەی بەتەواوی بەبادابوو، ئەوەش واتای ئەوەبوو کە راسڵ جگە لەنازناوی خانەوادەیی قەرزەکانی براکەشی کە بریتی بوون لەپێدانەوەی ساڵانە چوارسەد پاوەن نەفەقەی یەکێک لەدوو هاوسەرە تەڵاقدراوەکەی فرانک وەکو میراث بۆی مابوویەوە. چوار ساڵ دواتریش لۆرد راسڵی نوێ بەتەڵاقدانی ژنی دووەمی لاسایی پێشینانی کردەوە. هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ دۆرا لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای لیبراڵی بەرز، بەڵام بە هەڵسوکەوث نزم بوو. سەرەنجام راسڵ تێگەیشث کە ناتوانێث ئەم بەرزەفڕیە دوای ئەوەی کە لیدی راسڵ منداڵی بوو، سەرباری خۆشەویستە جوانە ئەمریکیەکەی رابگرێث. ساڵێک دواتر خۆشباوەڕی بەسەر ئەزموندا سەرکەوثو راسڵی شەسثو سێ ساڵان لەگەڵ سکرتێری بواری توێژینەوەکەی کە تەمەنی بیسث و پێنج ساڵان بوو و هاوشێوەی ئاتۆلین قژێکی زەردو خاوی هەبوو وەکو دۆرا پیپی دەکێشا هاوسەرگیری کرد.

دوو ساڵ دواتر راسڵ سەردانی ئەمریکای کرد و لەوێدا کۆمەڵێک پلەو پایەی زانکۆی بە هۆی وتارە گشتیەکانیەوە سەبارەث بە بابەتگەلێکی وەکو کۆنترۆڵکردنی زاوزێ و خۆشەویستی ئازاد لەدەستدا. لەو سەردەمەدا پەیوەندی سێکسی ئازادانە هێشتا لەبەریتانیا بوونی نەبوو زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا

لەم بارەیەوە دەمارگرژتر بوون. کاتێک جەنگی جیهانی دووەم لەساڵی ١٩٣٩دا لەئەوروپا دەستیپێکرد راسڵ لەئەمریکا خۆی بە شکستخواردو لەقەڵەمدا. لەسایەی میوانداری هاوڕیانی ئەمریکایدا کارێکی دۆزیەوە کە بەنوسینی مێژووی فەلەسەفەی خۆرئاواوە خەریکیکردو لە کۆتاییدا هەشتسەد لاپەڕە دەرچوو، ئەو بەرهەمە دڵخواز و خۆسەر و قسەخۆش و بێتویکڵە، بوو بەکتێبێکی پڕفرۆش ئەوی لەبورای دارایەوە رزگار کرد. ئەو کتێبە وەکو باشترین بەرهەمی یەک بەرگی لەبابەتی خۆیدا تا ئەمڕۆش بە بەردەوامی لەچاپدەدرێتەوە. دەرەنجام، فەیلەسوفە شارەزاکان بە بەردەوامی بە خراپە باسی دەکەن(ئەگەر ئەم کتێبە لەسەرەتادا خوێندکارانی هان نەدەدا کە ئەم بەشە هەڵبژێرن زۆربەیان بێکار دەبوون).

لەساڵی ١٩٤٤دا راسڵ گەڕایەوە بەریتانیاو دوبارە بوویەوە بە ئەندامی "ترینیتی کۆلیژ"ی کامبریج.

هەموو شتێک بەخشرابوویەوە، ئەو تەمەنی حەفتاو دوو ساڵان بوو و بە ئەستێرەی نیشتمانی ناوبانگی دەرکردبوو. کتێبەکانی بەناو خەڵک پەسەندەکانی لەفەزای کراوەو گەشەپێدراوی بەریتانیادا، دوای جەنگ بەکردەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێدەکرا. بە بەردەوامی لەرادیۆش قسەی دەکرد. لەو رۆژگارەدا کە واتای فرەبێژی بەتەواوەتی دەرک نەکرابوو، بە کەسایەتیە بەرجەستەکان زیاتر لەپێنج خولەک کات دەدرا بەبێ مزاحمبوونی ریکلام و پێکەنینە تۆمارکراوەکان، یان بێژەرە فرەبڵێ و قسە خۆشەکان. راسڵ رێگەی پێدەدرا قسەکانی بە شێوەیەکی سادەو رەوان کە هەمووان لێیتێبگەن پێشکەش بکات. ساڵی ١٩٥٠ خەڵاتی نۆبڵی بە رواڵەت لە ئەدەبیاتدا، وەکو"پێشەوای مرۆڤایەتی و ئازادی رادەربڕین" وەرگرت.

ئەگەرچی راسڵ ستایش کردنی پێخۆش بوو چ لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە یان بەگشتی لەلایەن خەڵکەوەبێت. دۆخی زەینی ئەو رێگەی نەدەدا ئەم خۆشەویستیە بۆ ماوەیەکی زیاتر بپارێزێت. بە زوویی هەلێکی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی ئەو دۆخە بگۆڕێت. جیهان بەرەو بەستوترین قۆناغی جەنگی سارد دەچوو و لەساڵی ١٩٥٤دا راسڵ بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ ئەنیشتاین ئیمزاکرد سەبارەت بە دەرەنجامە ئەتۆمیەکانی جەنگی جیهانی سێهەم هۆشداریاندابوو ، کە

لەو سەردەمەدا نزیک ببوویەوە. دوو ساڵ دواتر بە بەشداری زۆربەی فیزیاناسانی بەناوبانگی جیهان کۆنگرەیەک لەپوگواش نۆڤا سکۆتا بەڕێوەچوو و لەوێدا داوا لەسەرکردەکانی جیهان کرا خۆیان لەجەنگی جیهانی بپارێزن. راسڵ یەکێک لە بەڕێوەبەرە سەرەکیەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو، بەڵام لەتەمەنی هەشتاوچوار ساڵیدا پەککەوتوتر لەوەبوو کە خۆی بتوانێت بەشداری تێدابکات، سەرباری ئەوەش ساڵێک دواتر خەباتێکی بۆ لەچەک داماڵینی ئەتۆمی لەبەریتانیا رێکخست. بە گوێرەی باو، بەچوونە سەرەوەی زیاتری تەمەنی شەڕانیتر دەبوو. لەساڵی ١٩٦٠دا بە پەیرەویکردن لەگاندی، بزوتنەوەی یاخیبوونی مەدەنی لەدژی چەکی ئەتۆمی رێکخست، ساڵێک دواتر لەمانگرتنێکی دانیشتن لەسەرشەقامدا لەگۆڕەپانی ترافالگاری لەندەن دەسنگیرکرا. دوای مەودایەکی چل و سەد ساڵە، بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە زیندانی بریکستۆن.

راسڵ کە پێی نایە ٩٠ساڵیەوە شەڕانی تر بوو. لەکۆتایەکانی دەیەی ١٩٦٠دا بوو بە پێشەنگی نەیارانی نێودەوڵەتی مانەوەی ئەمریکا لەڤێتنامدا، لەخۆپیشاندانەکانو کۆنگرەکانی ئاشتیدا بەشداریدەکرد. لەو کاتەدا شیکردنەوەو بارودخی ژیانی لە سێ بەرگدا زۆر راشکاوانە نوسی( ئەگەرچی، بیۆگرافیا نوسانی دواتر بە خۆشحاڵیەوە ئاماژەیان بەشاردنەوەی هەندێک لەبەسەرهاتەکان دەدا). کە لەکۆتایەکانی تەمەنی نزیک دەبوویەوە هێشتا وەفادار مایەوە بەرامبەر بەو سێ بنەمایە کە بۆ ساڵانێکی دورودرێژ گرتبوویەبەر. " ئاواتی عەشق، پەیجۆری زانست، دڵسۆزی ئاقەتپڕوکێن لەبەرامبەر ئازارەکانی مرۆڤایەتیدا." بێرتراند راسڵ لەساڵی ١٩٧٠ لە نەود و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**رەخنەو سەرنجەکان**

دەتوانین ماتماتیک وەکو باسێک پێناسە بکەین کە تێیدا نەدەزانین قسە لەچیەوە دەکەین و نەدەزانین ئەوەی کە دەیڵێین راستە یان نا.

-راسڵ، رادەربڕین سەبارەت بە ماتماتیک

پەیجۆری و هیوای راسڵ بەوەی کە بەپێناسەی دڵنیایی( هاوتای دۆزینەوەی دڵنیایی دایک و باوکی) دەگەیشت تەنهاییەکەی هاوسەنگ دەکرد. پێدەچوو ئەمە

مانای دەروونناسی دورەپەرێزی ئەو لەخۆکوشتن بوو‌بێت، سەرەتا لەتازەلاویدا و دواتر دوای ئەوەی بێهیوا بوو بەرامبەر بە هاوسەرەکە، چونکە هیواداربوو بەوەی کە تێگەیشتنی بیرکاری گەشەپێبداث، واتا بگاتە دڵنیایی.

-بۆن - ئامی شارفشتاین، فەیلەسوفەکانو ناوەڕۆکی بیرکردنەوەیان پیکاسۆی فەلسەفەی نوێ.

-وەسفکردنی راسڵ لەلایەن ئەییر، پێشەوای بەریتانی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی ..... ئەمرینی بەئابڕوانە لەفەلسەفەی مۆراڵیدا، بەڵام بەبێ خوێن و ژیان. وەکو ئەوەی قسە لەپێوانەی ژمارەیەکەوە دەکات کە بەئاڕاستەیەکی تایبەتدا دەڕوات نەک لە مرۆڤەکان.

- ئایزایا بێرلین، سەبارەت بە نامیلکەی خەڵک پەسەندەکانی راسڵی رشانەوە هێنەر.

-ویتگنشتاین لە هەمان بواردا مەکینەکان مەیلە سێکسیەکان دەکوژن، یان مەیلە سێکسیەکان مەکینەکان دەکوژن؟

- راسڵ، لە نامیلکە گوماناویەکاندا

"سەگ"، "بەرەڵا"، "ئابوری پێنجەمی"، کۆمۆنیستی تابلۆ".

-شیکردنەوەیەک لەراسڵ لەبڵاوکراوەکانی ئەمریکا دوای وتارە ئازادیخوازەکانی لە ١٩٤٠

... ئەم گورگە فەلسەفە رێسە کە جلە ئەسموکینگەکانی سروشتە ئاژەڵیەکان دڕندانەییەکانی دادەپۆشێت.

نەفرەت، کوشتن، پارچەپارچەکردنی یەکتری، ئەمانە بە بۆچوونی من بنەمای مۆراڵی سیاسیە کە ئەم دڕندەیە بە ناوی فەلسەفەوە ئامۆژگاری دەکات.

-وەسفکردنی راسڵ لەرادیۆی مۆسکۆ دوای بڵاوبوونەوەی یەکێک لەوتارەکانی ئەو بە زمانی روسی لەتۆڕی دەرەکی بی بی سیەوە، منداڵان دەچنە قوتابخانە لە ژێرکاریگەری ئەو باوەڕەدا کە مافی ئەوەیان هەیە شادبن... ئەم لادانە لەئاینی حەقیقی، نکۆڵی کردن لە خود و سەردانەواندنە.

- باوکی رۆحانی ئیدوارد لیتلتۆن، بەڕێوەبەری پێشووی ئیتۆن دژی بنەما پەروەردەیەکانی راسڵ

لە وتاربێژیەکی گشتیدا، راسڵ رایگەیاند کە ناتوانێت بەبێ دەرەنجامی کارەساتبار، رێساکانی بیرکاری پێشێل بکات. ئەگەر راڤەکاریەکی بیرکاری بە هەڵە پێشکەش بکرێت دەتوانرێت هەموو شتێک بسەلمێنرێت. لەم ساتەدا کەسێک لەناو جەماوەرەکەوە قسەکانی پێبڕی و وتی: "کەواتە ئەگەر دوو کەڕەت دوو ببێتە پێنج ئەوا دەبێت بیسەلمێنیت کە من پاپام، بیسەلمێنە!"راسڵ بە بێ راوەستان وەڵامی دایەوە: "کەواتە ئەگەر دوو کەڕەت دوو پێنج بێت لەم حاڵەتەدا چوار یەکسانە بە پێنج. لە هەر لایەک سێدانە کەم بکەینەوە دەبێتە یەک یەکسانە بە دوو. تۆ و پاپا دوو کەسن، بەم پێیەش ئێوە یەکێکن."

**رۆژمێری رووداوە سیاسیە گرنگەکان**

پ. ز. سوقرات لەئەسینادا سزای مردنی بە سەردا سەپێنرا

ح ٣٨٧ پ.ز. ئەفلاتون یەکەمین زانکۆی جیهانی بەناوی "ئەکادیمیا" لەئەسینا دامەزراند.

٣٣٥ پ.ز. ئەرستۆ "لوکیۆن"، قوتابخانەی رکابەری ئەکادیمیای لە ئەسینا دامەزراند.

٣٢٤ ز ئیمپراتۆر کونستانتین پایتەختی ئیمپراتۆری رۆمای گواستەوە بۆ بیزانس.

٤٠٠ ئاگۆستین پیرۆزی دانپێدانانەکانی نوسی. فەلسەفە لەئیلاهیاتی مەسیحیدا دەتوێتەوە.

٤١٠ ز تاراجی رۆما بەدەستی ویزیگوتەکان هەواڵی دەستپێکردنی سەدەی تاریکی" ئاشکرادەکات.

٥٢٩ ز بە فەرمانی ئیمپراتۆر یوستی نیان "ئەکادیمیا" لەئەسینا دادەخرێت و ئەوەش بە کۆتایی فیکری یۆنانی لەقەڵەمدەدرێت.

ناوەڕاستی سەدەی ١٣ تۆماس ئاکویناس شرۆڤەکانی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. (سەردەمی حیکمەتی مودەڕس).

١٤٥٣ بیزانس کەوتە دەست تورکەکان. (کۆتایی ئیمپراتۆری بیزانس).

١٤٩٢ کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. (رێسناس لەفلۆرانسو جارێکیتر

رووكردنەوە زانستی یۆنانی).
١٥٤٣٢ کۆپرنیک بەبڵاوکردنەوەی لەدەروازەی سوڕانی هەسارە ئاسمانیەکانی بڵاوکردەوەو لەسەر بنەمای بیرکاری دەیسەلمێنێت کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.
١٦٣٣ کڵێسا گالیلۆ ناچاردەکات نکۆڵی لەتیۆری خۆری ناوەندی عالەم بکات.
١٦٤١ دیکارت ئێرامانەکان بڵاودەکاتەوە کە دەسپێکی فەلسەفەی نوێیە.
١٦٧٧ مردنی سپینۆزا بڵاوکردنەوەی مۆراڵەکانی ئەو مەیسەر دەکات.
١٦٨٧ نیوتن بەبڵاوکردنەوەی بنەماکان چەمکی گرانش(وزەی راکێش) گەڵاڵە دەکات.
١٦٨٩ لاک نامیلکەی لــەدەروازەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. (دەستپێکی ئەزمونیگەری).
١٧١٠ برکلی بنەماکانی زانستی مرۆڤ بڵاودەکاتەوەو گەش و لایەنی بەرفراوانتر بە ئەزمونگەری دەدات.
١٧١٦ مردنی لایب نیتس
١٧٣٩ – هیوم نامیلکەی لەگەوهەری مرۆڤی بڵاوکردەوە و ئەزمونگەری تا سنورەکانی لۆژیک پێشخست.
١٧٨١ کانت، راپەڕیو لە "خەوی دوگم"ی بە هاوکاری هیوم، رەخنە لەعەقڵی رووت بڵاودەکاتەوە. سەدەی مەزنی فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات.
١٨٠٧ هیگڵ دیاردەناسی زەیـن، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاودەکاتەوە.
١٨١٨ شۆپنهاوەر جیهان وەکو ئیرادە و وێنا بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیادا دەهێنێتە ئاراوە.
١٨٨٩ نیچە رایگەیاندبوو " خوا مردوە" لە تورێندا توشی شێتی بوو.
١٩٢١ ویتگنشتاین نامیلکەی لۆژیکی – فەلەسەفی بڵاو کردەوە بانگەشەی "وەلامی کۆتایی" بۆ فەلەسەفە دەکرد.
دەیەی ١٩٢٠ "بازنەی ڤین" پۆزیتیڤیزم لۆژیکی گەڵاڵە دەکات.

١٩٢٧ هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە پچڕانی نێوان فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی رادەگەیەنێت.

١٩٤٣ سارتەر بـوونو نەبوون بڵاودەکاتەوە کە ئەندێشەی هایدگەر گەشەپێدەداتو ئەگزیستانسیالیزم وەڕێدەخات.

١٩٥٣ بڵاوکردنەوەی پاش مردنی توێژێنەوە فەلسەفیەکانی وینگنشتاین. لوتکەی سەردەمی شیکاری زمانی.

**رۆژمێری ژیان و سەردەمی راسڵ**

١٨٧٢ راسڵ لە ١٨ی ئایاردا لەترێلک لە سنوری ویلز لەدایک بوو.

١٨٧٧ باوکی دەمرێت ئەو براکەی هەتیو دەبن، باپیری لۆرد راسڵ، سەرکەوتو دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی وەسیەتنامەکەی باوکیدا، راسڵ و براگەورەکەی فرانک لە لای باپیرو نەنکیان لەپیمبرلاج گەورە دەبن.

١٨٧٨ باپیری کە دوبـارە ببووەوە بە سەرۆک وەزیـران کۆچی دوایی دەکات.

١٨٨٣ ئاشنابوونی بە ماتماتیک لەلایەن فرانکی برایەوە.

١٦٦٣ دوای خوێندنی تایبەتی لە پیمبرلاج دەچێتە قوتابخانەی یارمەتیدەرەوە لە لەندن بۆ ئەوەی خۆی بۆ تاقیکاریەکانی زانکۆ ئامادە بکات.

١٨٩٠ براوەی بۆرسەی خوێندن لە"ترینیتی کۆلێژ: دەبێت

١٨٩٣ لەتاقیکارییە رکابەرییەکانی بیرکاریدا دەبێتە یەکەم، واز لەبیرکاری دەهێنێت رووەدەکاتە فەلسەفە.

١٨٩٤ لەزانستی مـۆراڵـدا" فەلسەفە" بەپلەی بــەرزەوە بڕوانامە بەدەستدەهێنێت.

١٨٩٤ بە پێچەوانەی خواستی نەنکی، لیدی راسڵ، لەگەڵ ئالیس پیرساڵ ئەسمیث هاوسەرگیری دەکات.

١٨٩٦ یەکەمین کتێبی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بڵاودەکاتەوە.

١٨٩٨ لەگەڵ جی. ئی. مۆر ئایدیالیزمی هێگڵ کە جی. ئێم. ئی. مک تاگارت لە کامبریج دەیڵێنەوە رەتدەکاتەوە.

١٩٠٠ لۆژیکزانی ئیتالی، جۆزپە پیانۆ، لەکۆنگرەی نێودەوڵەتی فەلسەفەدا لەپاریس دەبینێت.

١٩٠٠ – ١٩٠١ بنەماکانی بیرکاری دەنوسێت (کە تا ١٩٠٣ بڵاو نابێتەوە).

١٩٠٣ – ١٩١٣ یەک دەیە خۆی بە نوسینی بنەماکانی بیرکاریەوە بە هاوکاری وایتهد خەریک دەکات.

١٩٠٣ لەناکاو خۆشەویستی بەرامبەر بە ئالیس کەمدەبێتەوە.

١٩٠٧ لە هەڵبژاردنی خولی نیوەی ویمبلدۆندا پشتیوانی لەمافی دەنگدانی ژنانو بازرگانی ئازاد دەکات.

١٩١٠ لیدی ئاتۆلین مۆرۆلی بینی و پەیوەندی لەگەڵدا پێکهێنا

١٩١١ وینگنشتاین دێت بۆ کامبریج و بە خێرایی دەبێتە شاگردی راسڵ.

١٩١٢ مەسەلەکانی فەلسەفە، یەکەم کتێبی جەماوەر پەسەندی بڵاوکردەوە و وینگنشتاین پێی نارەحەت دەبێت.

١٩١٤ دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم، راسڵ خەباتی ئاشتیخوازانەی دەستپێکرد.

١٩١٨ بەهۆی چالاکیە ئاشتیخوازانەکانیەوە راسڵ رەوانەی بەندیخانەی بریکستۆن دەکرێت.

١٩٢٠ سەردانی روسیا بەلشەفیکی کرد.

١٩٢١ لەگەڵ دۆرا بلک هاوسەرگیری کرد.

١٩٢٧ لەگەڵ دۆرا قوتابخانەی "بیکن هێڵ"ی دامەزراند.

١٩٣١ گۆدل، لۆژیکزانی نەمسایی، ناکاملبوونی بیرکاری سەلماند.

١٩٣٥ راسڵ لە دۆرا بلک جیادەبێتەوە

١٩٣٦ لەگەڵ پاتریشیا سپنس هاوسەرگیری کرد.

١٩٣٨ – ١٩٤٤ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ژیانی دەکرد

١٩٤٢ – ١٩٤٤ مێژووی فەلسەفەی خەڵک دەنوسێت کە لە ١٩٤٥دا بڵاوکردەوەو دەبێتە پرفرۆشترین کتێبو هەتا کۆتایی تەمەنی دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆی.

١٩٤٩ لە پاتریشیا سپنس جیادەبێتەوە

١٩٥٠ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی بردەوە.
١٩٥٢ چوارەمین هاوسەرگیری لە ٧٠ ساڵیداکرد، ئەمجارەیان لەگەڵ ئادیث فینچی ئەمریکی، کە تا کۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت.
١٩٥٨ خەباتی بۆ لەچەکداماڵینی ئەتۆمی دەستپێکرد.
١٩٥٩ بە هۆی یاخیبوونی مەدەنیەوە رەوانەی زیندانی بریکستۆن کرا.
دەیەی ١٩٦٠ زنجیرە خەباتەکانی لەدژی جەنگی ڤێتنام.
١٩٧٠ لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە:**

اشنایی با بێرتراند راسڵ، پل استراثرن، ترجمه ی کاظم فیروزمند، ویرایش: تحریریه ی نشر مرکز، اجرای گرافیک طرح جلد: نشر مرکز، چاپ اول ١٣٨٩- شماره ی نشر٩٦٥- ٣٠٠٠ برگ - چاپ منصوری، شابک: ٦-٠٦٩-٢١٣-٩٦٤-٩٧٨.
نشر مرکز: تهران - خیابان دکتر فاطمی - روبروی هتل لاله - خیابان باباطاهر - شمارەی ٨
تلفن: ٣-٨٨٩٧٠٤٦٢ فاکس: ٨٨٩٦٥١٦٩